# کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ کوردستان هاوتای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەرە بۆ ئەمریکا



# قۆناخێکی تازەی خراپ و پێداویستیی ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی



**ئەگەر لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پێنج مانگی ڕابردووی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ورد ببینەوە، هەست دەکرێت کە سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆک بارزانی کە پیادەکردنەکەی لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، خەریکە ئەو کارەساتە دەگۆڕێت بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کوردستان بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، بەڵام بەهێزتر لە پێشتر**

**لەناو کایەی سیاسەت و حوکمڕانیدا، زۆر جاران هەڕەشە و تەحەددییەکان بە بەشێک لە نەتەوەکانی جیهان بوونەتە دەرفەتی خۆڕێکخستنەوە و دووبارە هەستانەوە و داڕشتنی بناخەیەکی تازەی ستراتیژیەتی دەوڵەتداری**

هەروەك چۆن ئامانجی ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بە تەقاندنەوەی هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، شکاندنی سیمبول و بەهاکانی لیبراڵیزم و گلۆباڵیزم و مرۆڤایەتی بوو، کە ئەو کات ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد، بەهەمان شێوە ئامانجی تاقمە خیانەتکارەکەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پێش لەشکریان بۆ حەشدی شەعبی و هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کرد، شکاندنی سیمبولی دەوڵەتی سەربەخۆ و پێگەی پێشمەرگە و کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بوو.

جۆرج دەبلیو بوش لەسەر دارو پەردووی ڕووخاوی هەردوو تاوەرەکە لە مەنهاتن، ڕاشکاوانە بەجیهانی ڕاگەیاند، جیهانی ڕۆژی ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ هەرگیز جیهانی ڕۆژی ١٢ی سێپتەمبەر نییە و، دەبێت هەموو لایەك خۆی ساخ بکاتەوە بەوەی ئایا دێتە ناوهاوپەیمانی دژەتیرۆر، یان نە؟ ڕاشکاوانەتر ڕایگەیاند ئەوەی لەگەڵ بەرەی دژەتیرۆر خۆی یەکلایی نەکاتەوە، ئەوا مانای ئەوەیە پشتگیری تیرۆریستان دەکات و وەك تیرۆریست مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش بەمانایەکی دیکە لەبەرامبەر دژایەتی تیرۆر تەنیا هەردوو بەرەی (دۆست و دوژمن) هەیە و بەرەی سێیەم یاخود ( بێلایەن) بوونی نییە.

دیارە بۆ ئێمەش هەرگیز کوردستانی پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، کوردستانی دوای ئەو کارەساتە نییە، کارەکتەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە پرۆسەی سیاسی (وەرچەرخانی نوێ بەڵام خراپ)ی بەسەردا هاتووە و دەبێت لەبەر دەرهاویشتەکانی ئەو (وەرچەرخانە نوێ و خراپە)دا، سیاسەتێکی نوێ پیادەبکرێت و پرۆسەی سیاسی بە شێوازێکی نوێ و جیاواز لە قۆناخی پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕێکبخرێتەوە، هەروەها دەبێت کارەکتەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسی بوێرانە و ڕاشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێن، لەقۆناخی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەردا، بێجگە لە بوونی دووبەرەی (بەرەی نیشتمانی و بەرەی خیانەتکاران)، بەرەی سێهەم بوونی نییەو هەر لایەنێکی سیاسی بێلایەنی بەرامبەر ئەنجامدەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەڵبژێرێت، ئەوا لەبەرەی نیشتمانیدا نییە و وەك تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەمەش زیاتر چەمکی (یەکڕیزیی نیشتمانی) لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو تەنیا یەکڕیزیی ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە دژی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرن و دەیانەوێت دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارەساتە لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان ڕابگرن و بیسڕنەوە.

هۆکار و هاندەرەکانیش، بۆ ئەنجامدەرانی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لە ئەمریکا، دیسان هاوشێوەی هۆکار و هاندەرەکانی تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەرە لە کوردستان، سەبارەت بەم لایەنە مانگێك دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، فەرید زەکەریا کە ئەوکات سەرنووسەری گۆڤاری نیوزیوك بوو، پرسیارێکی گرنگی وروژاند: (سیاسەتی ڕق و کینە: بۆچی ڕقتان لێمانە؟- The Politics of Rage: Why do they hate us)، لەم پرسیارەدا زەکەریا دەیەوێت بەدوای ئەو سەرداوە بکەوێت، بەوەی ئایا ئەوە چ سیاسەتێکی ڕق و کینەیە کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هیچ حیسابێك بۆ هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی نەکرێت و بە دڕندانەترین شێوە دوو تاوەری گەورە لە شارێکی وەك نیویۆرك بتەقێندرێتەوە و زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە ساتێکدا لەگەڵ داروپەردووی تاوەرە ڕووخاوەکاندا تێکەڵ بن؟

فەرید زەکەریا لەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەك هیندستانییە و شارەزای کەلتووری کۆمەڵگەی ئیسلامی و عەرەبییە، باش لەوە تێدەگات کە ڕق و کینەی ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بە پلەی یەکەم دژی ئەو دەوڵەتانە بووە کە سەرکردایەتیی پرۆسەی (سیستمی نوێی جیهان و حوکمڕانی گلۆباڵی و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و لیبراڵیزم) دەکەن، سەبارەت بەم لایەنەش تۆماس فریدمان ستوونووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمز و وەرگری چەند جارەی خەڵاتی پۆلێتزەر، لە نووسینێکیدا باشتر ئەم بۆچوونەی زەکەریا

پشتڕاست دەكاتەوەو نووسیویەتی: «لە یەكێك لە بنكەكانی مەشق و ڕاهێنانی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان، نامیلكەیەك بۆ مەشق و ڕاهێنانی خۆكوژە تیرۆریستەكان دۆزراوەتەوە و تیایدا جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە كە دەبێت هەموو هەوڵەكان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی سیمبولی ئەو دەوڵەتانە بشكێندرێت كە سەركردایەتیی سیستمی نوێی جیهان دەكەن..» هەر لەم نامیلكەیەدا ئاماژە بەوە كراوە كە گرنگە هەوڵبدرێت (بورجی ئیڤل لە فەرەنسا و كاتژمێری بیگبن لە بەریتانیا) بە هاوشێوەی سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە ئەمریكا بتەقێندرێنەوە.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری هۆكار و هاندەرەكان بۆ ئەنجامدانی خیانەتی ١٦ی ئۆكتۆبەری كوردستان و ئەوانەی پشتگیری دەكەن و تەنانەت ئەوانەشی بێدەنگیان لە بەرامبەری هەڵبژاردووە، بكەین، دەبینین هۆكارەكەی هەمان (سیاسەتی ڕق و كینە: بۆ ڕقتان لێمانە؟)كەی فەرید زەكەریا بووە. لە كوردستان ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە بە بەردەوامی (سیاسەتی ڕق و كینە: بە شەیتانكردنی ئەوی دی) بەرامبەر پارتی دیموكراتی كوردستان لەلایەن تاقمێكەوە بەرهەم دەهێنرێت و پیادەدەكرێت، بۆیە هەر پرۆسەیەكی سیاسی و هەر دەستكەوتێكی نیشتمانی كە لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە سەركردایەتی بكرێت، یان ڕۆڵی سەرەكیی تێدا بگێڕێت، ئەوا ئەو شوێنكەوتووانەی (سیاسەتی ڕق و كینە: بە شەیتانكردی ئەوی دی) هەموو هەوڵێكیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو دەستكەوتە نیشتمانییە لە دەست گەلەكەمان بدەن.

ئەم بارودۆخە لە سیاسەتی ناوخۆی كوردستاندا بۆ ماوەیەك گۆڕانكاری بەسەردا هات، بەتایبەتی دوای ئەوەی خوالێخۆشبوو سەرۆك مام جەلال گەیشتە ئەو قەناعەتەی كە (ئەو ناكۆكی و كێشانەی لە شەست وحەفتاكانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ مستەفا بارزانی هەیبووە، بیگۆڕێت بۆ تەبایی و برایەتی و پێكەوە كاركردن لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی)، دوای ئەوەشی كە (برایەتی و پێكەوەكاركردنی نێوان سەرۆك مام جەلال و سەرۆك مسعود بارزانی، لەناو ڕێككەوتنی ستراتیژیی نێوان یەكێتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان) ڕەنگدانەوەی لەسەر دەسكەوتە نیشتمانییەكانی گەلی كوردستان دەركەوت، سەرۆك مام جەلال ڕاشكاوانە دەیگوت: «چەندی جاری دیكەو لەچەندین بۆنەی دیكەش گوتوومە، خۆزیا ئەو كێشە و ناتەباییە لەگەڵ جەنابی مستەفا بارزانی هەر نەبوایە، بۆیە دەڵێم ئەو تەبایی و برایەتی و پێكەوەكاركردنەی نێوان بەندە و جەنابی كاك مسعود، ئەبەدییە و هیچ هێزێك ناتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە.»

ئاماژەكردنمان بۆ هەڵوێستی سەرۆك مام جەلال بۆ كۆتاییهێنان بە (سیاسەتی ڕق و كینە: بەشەیتانكردنی ئەوی دی)، هۆكاری ڕاستەقینەی لێكترازانەكەی ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ دەخاتەڕوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، نەیدەتوانی لەچوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە تازەیەی سەرۆك مام جەلال كە بریتی بوو لە (پێكەوە كاركردن و برایەتی لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان) چیدیكە لەناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان بمێنێتەوە، بە ئاشكراش دوای ئەوەی لە یەكێتی جیابووەوە، هەموو بانگەشە و بیانووەكانی بۆ ئەم جیابوونەوەیە و لێكترازانی ناوماڵی یەكێتی نیشتمانی، تەنیا لە دژایەتیكردنی ڕێككەوتنی ستراتیژی و هەڵوەشانەوەیدا ڕەنگی دابووەوە، ئەو ڕێككەوتنەی كە سەرۆك مام جەلال دەیگوت: «لای ئازاد ڕێككەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەكێتی موقەدەسە.» دیارە لەناو ڕیزەكانی یەكێتی نیشتمانیدا خەڵكانێك هەر مابوون كە لە ژێر كاریگەری (سیاسەتی ڕق وكینە: بە شەیتانكردنی ئەوی دی) مابوونەوە، بەڵام هەتا سەرۆك مام جەلال نەخۆش نەكەوت، ئەو خەڵكانە لەناو یەكێتیدا نەیاندەتوانی كاریگەرییان لەسەر تەبایی و برایەتی یەكێتی و پارتی هەبێت، بەڵام بەداخەوە كە مام جەلال نەخۆش كەوت لەساڵی ٢٠١٢، كاریگەری خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا نەك هەر توانی پشتگیری ئەو خەڵكانە بكات

بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی وادەخوازێت، هەتا ئەگەر بەناو، كوردستان هەرێمێكی فیدراڵیش بێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەوا بە شێوەیەكی نیمچە سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ كوردستان بكرێت و تێكەڵاوی ڕێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی نێوان عەرەبی شیعە نەكرێت و پارێزگاری بە تایبەتمەندییەكانی كوردستانەوە بكرێت

دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی (ئێران و توركیا) ئێستا هەردوولایان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە مانەوەی هەرێمی كوردستان جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەكانی توركیا و ئێران دروست دەكات

**لەناو ئەم ژینگە شێواو و ئاڵۆزەدا، هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان ئەو پێگە جوگرافییە بووە کە ئەمریکا و رۆژئاوا دەتوانن جڵەوگیری ئاراستەی شەڕی دژی داعشی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێ بکەن و پێگەی خۆیانی تێدا راست بکەنەوە، هەر بۆیە هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگێڕنەوە بۆ قۆناخی پێش ریفراندۆم و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بە هەڵەیەک چییان لەدەست داوە و دەبێت بە چ باجێک بیگێڕنەوە**

**سەرۆک ترەمپ ئێستا شمشێری خۆی بەرامبەر بە ئێران راکێشاوە و ستافی ئیدارەکەی بە ئاشکرا رایدەگەیەنن، ئەگەر بمانەوێت سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕنەوە، ئەوا هیچ چارێک نییە و دەبێت نفووزی ئێرانی لە عێراق و سووریا و باشووری لوبنان کەم بکرێتەوە، بەڵام پسپۆڕان سەبارەت بە شمشێر راکێشانەکەی ترەمپ و لێدوانە ئاگرینەکانی ستافی ئیدارەکەی دەڵێن، ئەم کارە کاتێک بۆ ئەمریکا ئاسان دەبێت کە هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی کوردستان بخاتەگەڕ و کوردستان لە هەڕەشەکانی بەغدا بپارێزێت کە راستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە سپۆنسەر دەکرێت**

کە لەناو یەکێتی کاریگەریان هەبێت، بەڵکو بارودۆخێکی دروستکرد کە یەکێتی نیشتمانی بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ بە لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە دەرەوە و بەتەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات و جارێکی دی لێکترازان لەناو یەکێتی دروست بکاتەوە، بەکردەییش رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی هەڵوەشاندەوە.

دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا، ئامانجەکەی لە بە کردەیی هەڵوەشانەوەی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ هاتەدی، میتۆدی (سیاسەتی رق و کینە: بە شەیتانکردنی ئەوی دی) کردە مۆدێلێکی سیاسەتکردن بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی زۆنی سەوز و هەر لایەنێکی سیاسی، یان هەر سەرکردە و پەرلەمانتارێکی لایەنە سیاسییەکانی دیکەش کە بڕوای بە (سیاسەتی رق و کینە: بەشەیتانکردنی ئەوی دی – کە مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو-) نەبوایە، ئەوا دەستەواژەی (پارتییەکانی ناو یەکێتی، یان پارتییەکانی ناو یەکگرتوو و.. هتد) بۆ بەکار دەهێنان، یان کەسێکی وەك محەمەدی حاجی مەحموود کە سکرتێری حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستانە و تەنیا لەبەر ئەوەی وەك پێشمەرگەیەکی ولاتپارێز بەشداری لە شەڕی دژی داعشدا کردبوو و هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، رۆژانە لەلایەن ئەو خەڵکانەی پەروەردەی سیاسەتی رق و کینە بوون، هێرشی ناڕەوای دەکرایە سەر و تۆمەتی پارتیبوونی بۆ دروست دەکرا.

ئەگەر لەم راستەوە، سەیری ئامانجی تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر بکەین و ئەوانەشی پشتگیرییان دەکەن، یان بێلایەنییان هەڵبژاردووە، دەبینین، ئاراستەی (رق و کینە: بەشەیتانکردنی ئەوی دی) تەنیا دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بەڵکو دژی هەموو ئەو سەرکردە و ئەندام مەکتەب سیاسییانەی یەکێتییە کە پابەندن بە تێڕوانینی سەرۆك مام جەلال بۆ پێکەوە کارکردن و برایەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هەروەها دژی هەموو ئەو سەرکردە و پەرلەمانتار و وەزیرانەی لایەنەکانی دیکەیە کە بڕوایان بە (سیاسەتی رق و کینە: بەشەیتانکردنی ئەوی دی) نییە.

کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، ئێستا لە کوردستاندا دوو بەرە هەیە کە هەرگیز تەبایی و یەکریزی لە نێوانیاندا دروست نابێت، دروستیش بێت کاتییە و کارەساتی گەورەی بەدوادا دێت، ئەو دوو بەرەیەش تەواوی ئەو حزبە سیاسییانە دەگرێتەوە کە بەرەیەکیان بڕوایان بە (سیاسەتی پێکەوە کارکردن و تەبایی و برایەتی هەیە)، بەرەی دووەمیشیان ئەو خەڵکانەن کە پەروەردەی سیاسەتی (رق و کینە: بە شەیتانکردنی ئەوی دیکە)ن، ئەمەش مانای ئەوەیە قۆناخی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، یەکەمجار پێویستی بەوەیە کە (بەرەی نیشتمانی و بەرەی خیانەتکار) لە یەکتری جیابکرێتەوە، پاشان ئەو حزب و لایەنانەی پشتگیری لە سەروەری و یەکپارچەیی کوردستان دەکەن، بە جۆرێك یەکریزی لە چوارچێوەی تەبایی و فرەیی و برایەتی و پێکەوە کارکردن رێکبخەنەوە، کە جارێکی دیکە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر روو نەداتەوە.

- **رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە کاری پزیشك و هونەرمەند دەچێت زانستییانە نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکرێت و هونەرمەندانە چارەسەر دەکرێت**

پرۆسەی سیاسیی کوردستان لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە بە جۆرێك ئیفلیج بووە کە ماوەی نزیکەی پێنج مانگە نەیانتوانیوە هەموو پێکەوە کۆببنەوەو هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکییانە و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا بۆ دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارەساتە بکەن و لەبەر رۆشنایی واقیعی سیاسیی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، پرۆسەی سیاسی رێکبخەنەوە. ئەمەش راشکاوانە نیشانەی ئەوەیە واقیعی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بەجۆرێك لە ناوخۆدا دووچاری پەرتەوازەیی و لەبەریەك هەڵوەشان بۆتەوە، کە هیچ لایەنێك ناتوانێت دەستپێشخەر بێت بۆ ئەوەی رێکبخرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەناو واقیعی سیاسیی ئێستادا، بە کۆڵەگەی پرۆسەکەو مانەوەی حوکمرانی و یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، بەم شێوازەی لەم

پێنج مانگەی دوای کارەساتەکە لە پرۆسەی سیاسیدا دەردەکەوێت، پێدەچێت گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە مێزێك نەتوانێت هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەر بۆیە وەك لە گوتاری فەرمیی پارتی گوێبیستی دەبین، لەسەر ئاستی رێکخستنەوەی کۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان جەخت لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکاتەوە، یان ئەو کاتەی کە حزبە سیاسییەکان لەماوەی ئەم دوو وەرزەی پەرلەماندا لە سەری رێکدەکەون، هەروەها لەسەر ئاستی خۆرێکخستنەوە لەناو پارتیدا، باس لە گرێدانی کۆنگرەیەکی دیکە دەکرێت. هەردوو ئاراستەکە کە لە گوتاری فەرمیی پارتییەوە گوێبیستی دەبین، ئەوەمان پێ دەڵێن کە کۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە و هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێویستی بە خۆرێکخستنەوە و پرۆگرامێکی نوێ هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی خراپی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بەو جۆرە کۆی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا رێکدەخاتەوە کە بتوانێت لەسەر ئاستی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەنجامدەرانی بکات؟ هەروەها پرسیاری دیکە بۆ خودی پارتی ئەوەیە، ئایا گرێدانی کۆنگرە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پارتی بتوانێت بەرەیەکی نیشتمانی بۆ پارێزگاری لە حوکمڕانی و یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان دروست بکات؟

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری یەکەمیان، دیارە هۆکاری ئیفلیجبوون و شپرزەبوونی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا، ئەوە نییە کە لە کوردستاندا فرەحزبی و قورسی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا هەیە، بەڵکو هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، خەڵکانێك و هەندێك لایەنی سیاسی هەن بە میتۆدی (سیاسەتی رق و کینە: بەشەیتانکردنی ئەوی دی) سیاسەت دەکەن و هەر بەم میتۆدەش دێنە ناو هەڵمەتەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، هەروەك چۆن لە ئێستادا بە ئاشکرا میتۆدی ئەم سیاسەتە لە گوتاری سیاسیی بەشێکی حزبە سیاسییەکاندا دەبینرێن و دەبیسترێن، کەواتە ئەگەر ململانێی هەڵبژاردن لەسەر ئەم بنەمایە بکرێت، ئەوا خودی هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەکی دیموکراتی دەبێتە شەرعیەتدان بە (سیاسەتی رق و کینە: بە شەیتانکردنی ئەوی دی)، سەرەنجامیش ئاکامی هەڵبژاردنەکە لەبری ئەوەی ژینگەیەکی تازە بۆ حوکمڕانی دروست بکات، هەمان ژینگەی ئاڵۆز و ئیفلیجی پێشوو دووبارە دەکاتەوە، دروست تەواوی ژینگەی سیاسیی کوردستان وەك ژینگەی سیاسیی زۆنی سەوزی لێ دێت، واتە چۆن هەڵبژاردنی پارێزگاکان نەبووە هۆکاری سەقامگیری و بەڕێوەبردنی باشی پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی سەوز، بەڵکو خراپتر و ئاڵۆزتری کرد، هەروەها چۆن بوونی ماکی (سیاسەتی رق و کینە: بەشەیتانکردنی ئەوی دی) لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، بووە هۆکاری ئەوەی دەستی هەموو دوژمنانی کورد بگرن، بۆ ئەوەی ئاکامی ریفراندۆم لەبار بەرن، ئەوا بەهەمان شێوە ئەگەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا ئەو لایەنانە بەشداری بکەن کە بەوجۆرە سیاسەت دەکەن، ئەوا هەتا ئەگەر خەڵکی کوردستانیش متمانەیان پێنەدات، ئەوا هەر ئاستەنگ دەبن لەبەردەم حوکمڕانیی کوردستان و ئاستەنگی زیاتر بۆ یەکگرتوویی قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن.

جەختکردنەوە لەسەر ئەم پەتایەی لەناو پرۆسەی کوردستاندا بە کردەیی بوونی هەیە، رەتکردنەوەی گرنگی و بایەخی پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، هەروەها هەوڵێکیش نییە بۆ ساردکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تەنیا لایەنە زۆر بە جددی پێداگیری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن دەکاتەوە، بەڵکو دەستنیشانکردنی زانستییانە و لۆژیکییانەی ئەو پەتایەیە کە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا و لە ژێر پەردەی فرەیی و ئازادی رادەربڕین بۆ هەڵوەشانەوەی ئازادی و حوکمڕانی لە کوردستاندا خۆی مەڵاس داوە، لەم بازنەیەدا گرنگە ئەو حزبە سیاسییانەی بە فەرمی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر خیانەتی

**ئەوانەی چاودێر و پسپۆڕن لەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی ئێستای ئەمریکا لە ناوچەکەدا، گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە بە ئاشکرا بڵێن، گەورەترین کەموکورتیی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە نەیتوانی بە شێوەیەکی راست و دروست مامەڵە لەگەڵ ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بکات**

**لەناو ئەو جوگرافیا پان و بەرینەی خەلافەتەکەی داعش، تەنیا هەرێمی کوردستان، هێمای سەرکەوتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بوو، وەک هاوپەیمانێکی راستگۆ، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا و رۆژئاوا لە هەمبەر ریفراندۆمەکەی کوردستان، وایکرد کوردستانیش وەک هاوپەیمانێکی راستگۆی نێودەوڵەتی دژی داعش، نەک هەر لە سەرکەوتنی شەڕەکە بێبەری بکەن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر گەمارۆی ئابووری و ئاسمانی و بودجەبڕینی خراوەتە سەر، کە وەک ئەوەیە پاداشتی کوردستان و پێشمەرگە ئەوە بێت کە سزا بدرێت، نەک خەڵات بکرێت**




**خاڵی گرنگ بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و ئایندەی حوکمڕانی و یەکگرتوویی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەو لایەنانەشی پشتگیرییان کردووە و ئەوانەشی خۆیان بێدەنگ کردووە، کەمینەن و ژینگەی ئاڵۆزی کوردستان وایکردووە وەک قەوارەیەک دەربکەون**

١٦ی ئۆکتۆبەر یەکلایی کردۆتەوە و هەموو ئەو سەرکردە و پەرلەمانتارانەی ناو حزبەکانی دیکەش کە هەڵوێستی نیشتمانییان هەیە و لە ناخەوە دژی ئەو خیانەتەن، ئەوا دەبێت پێش پرۆسەی هەڵبژاردن پێکەوە کۆببنەوە و بنەمایەکی تازە لەسەر بنەمای هەڵوێست وەرگرتن لەسەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دابڕێژرێت و بکرێتە پڕۆژەیەك و بدرێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆ ئەوەی چەند ڕێسا و ڕێنماییەك بۆ بەشداریی لایەنەکان و قەوارەکان دابنێن و ڕێگە نەدەن ئەو کەس و لایەنانەی پشتگیری لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکەن، بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستاندا بکەن.

لەوانەیە خەڵکانێك هەبن کە ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، وەك هەوڵێك بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان لە کوردستان سەیری بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕۆچوونە بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی، پێشنیارێکە بۆ بچووککردنەوە، یان نەهێشتی بازنەی خیانەتکردن لە کوردستاندا. هەروەها دەبێت چاو لەو ڕاستییانە نەپۆشین کە ئەزموونەکانی جیهان فێری کردووین و پێمان دەڵێن: هەڵبژاردن ڕاستە پرۆسەیەکی دیموکراتییە، بەڵام لەهەموو ژینگەیەکی سیاسیدا دیموکراتی بەرهەم ناهێنێت، ئەگەر زەمینە سیاسییەکە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لەبار نەبێت، ئەوا لەبری یەکڕیزی، پەرتەوازەیی بەرهەم دەهێنێت، لەبری ئاشتی، ئاژاوەو پاشاگەردانی دروست دەکات، لەبری فەراهەمکردنی ژینگەیەك بۆ ئازادی ڕادەربڕین، ژینگەیەك بۆ نەهێشتنی ئازادی و بڵاوکردنەوەی ئەنتی دیموکراتی دروست دەکات.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەمیشیان کە گرێدانی کۆنگرەیەکی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بێگومان گرێدانی کۆنگرە هەم بۆ ئاستی سیاسەتی ناوخۆی پارتی گرنگە کە جارێکی بەو جۆرە خۆی




ڕێکبخاتەوە کە بەرگەی ئەو بارەی سەرشانی بگرێت کە واقیعی تاڵی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر خستوویەتە سەرشانی، هەم گوتاری فەرمیی پارتیش لەسەر مامەڵە و هاوپەیمانی لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستاندا روونتر و راشکاوانەتر بکات و هەوڵنەدات بە هەر نرخ و ڕێگەیەك بێت لە پێناوی یەکڕیزی و یەکدەنگیی لایەنەکاندا، هاوپەیمانییەك دروست بکات کە خۆی سەرەتا لە ئاکامەکەی بەگومان بێت، هەروەك چۆن پارتی هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت لە پێناوی چوارساڵی ئارامیدا، بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی قەناعەت پێبکات کە بەشداری کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام وەك بینیمان ئەو ئارامییە تەنیا یەك ساڵیش بەردەوام نەبوو، خۆ ئەگەر لەناو کابینەی هەشتەم نەبوونایە، ئەوا نەیاندەتوانی بەو جۆرە نائارامی لە کوردستان دروست بکەن، ئەمەش وایکردووە کە گوتاری پارتی لەسەر ئاستی ناوخۆی حزب و لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستان، بەپێی ئەو بارودۆخە خراپەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دروستی کردووە، دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

خاڵی گرنگ بۆ بەرژەوەندیی خەڵك و ئایندەی حوکمڕانی و یەکگرتوویی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەو لایەنانەشی پشتگیرییان کردووە و ئەوانەشی خۆیان بێدەنگ کردووە، کەمینەن و ژینگەی ئاڵۆزی کوردستان وایکردووە وەك قەوارەیەك دەربکەون، هەر بۆیە ئەگەر لە بنەڕەتدا هەوڵەکان بۆ خاوکردنەوەی ئەو ژینگە ئاڵۆزە بخرێتەگەڕ و بە تەواوەتی دەمامکی (سیاسەتی رق و کینە: بە شەیتانکردنی ئەوی دی) لە رووی ئەو تاقم و لایانە هەڵبماڵدرێت کە ئێستا سیاسەتی پێدەکەن، ئەوا بەرەی نیشتمانی (بازنەی حزب) تێدەپەڕێنێت و ئامانج لە هەڵبژاردن دەبێتە

**گرێدانی کۆنگرە هەم بۆ ئاستی سیاسەتی ناوخۆی پارتی گرنگە کە جارێکی بەو جۆرە خۆی ڕێکبخاتەوە کە بەرگەی ئەو بارەی سەرشانی بگرێت کە واقیعی تاڵی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر خستوویەتە سەرشانی، هەم گوتاری فەرمیی پارتیش لەسەر مامەڵە و هاوپەیمانی لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستاندا روونتر و راشکاوانەتر بکات و هەوڵنەدات بە هەر نرخ و ڕێگەیەک بێت لە پێناوی یەکڕیزی و یەکدەنگیی لایەنەکاندا، هاوپەیمانییەک دروست بکات کە خۆی سەرەتا لە ئاکامەکەی بەگومان بێت**

**هۆکاری ئیفلیجبوون و شپرزەبوونی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا، ئەوە نییە کە لە کوردستاندا فرەحزبی و قورسی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا هەیە، بەڵکو هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، خەڵکانێک و هەندێک لایەنی سیاسی هەن بە میتۆدی (سیاسەتی رق و کینە: بەشەیتانکردنی ئەوی دی) سیاسەت دەکەن و هەر بەم میتۆدەش دێنە ناو هەڵمەتەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنەوە**

**پرۆسەی سیاسیی کوردستان لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە بە جۆرێک ئیفلیج بووە کە ماوەی نزیکەی پێنج مانگە نەیانتوانیوە هەموو پێکەوە کۆببنەوەو هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکییانە و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا بۆ دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارەساتە بکەن و لەبەر رۆشنایی واقیعی سیاسیی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، پرۆسەی سیاسی رێکبخەنەوە**

سەرکەوتنی بەرەی نیشتمانی و شکاندنی بەرەی خیانەت و سیاسەتی رق و کینە، بەمەش ژینگەیەکی لەبار دروست دەبێت کە ئاکامی هەڵبژاردن لەبری ئەوەی ببێتە هۆکاری ئەوەی حزبێك، یان دوو حزب بیبەنەوە، ئەوا خەڵکی کوردستان هەموو پێکەوە هەڵبژاردن دەبەنەوە، بارودۆخی ئێستای کوردستانیش چەند خراپ، یان هەتا لەمەش خراپتر بێت، ئاسانتر لەوەی ئێستا هەیە تێدەپەڕێندرێت.

## ● قۆناخی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەڵسانەوەیەکی لەسەر خۆ، بەڵام بەهێزتر لە پێشتر

شەڕی دژی داعش لە رووی سەربازی و رووخانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی بە شداریی کاریگەرانەی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کۆتایی هات، بەڵام ئەوەی وەك لایەنی براوە لە شەڕەکەدا دەرکەوت، ئێران و میلیشیا شیعەکانی وەکیلی بوو، نەك ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەپێچەوانەوە ئەو دەوڵەتەی کە ئێستا خۆی بە براوەی شەڕەکە دەزانێت، ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش نەبووە. هەر بۆیە لە ئێستادا خەریکە رۆژئاوا و ئەمریکا و ناتۆ تێدەگەن، ئەوەی ئەوان چاندیان، یەکێکی دیکە بەرەکەی دەدوورێتەوە.

لەناو ئەو جوگرافیا پان و بەرینەی خەلافەتەکەی داعش، تەنیا هەرێمی کوردستان، هێمای سەرکەوتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بوو، وەك هاوپەیمانێکی راستگۆ، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا و رۆژئاوا لە هەمبەر ریفراندۆمەکەی کوردستان، وایکرد کوردستانیش وەك هاوپەیمانێکی راستگۆی نێودەوڵەتی دژی داعش، نەك هەر لە سەرکەوتنی شەڕەکە بێبەری بکەن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر گەمارۆی ئابووری و ئاسمانی و بودجەبڕینی خراوەتە سەر، کە وەك ئەوەیە پاداشتی کوردستان و پێشمەرگە ئەوە بێت کە سزا بدرێت، نەك خەڵات بکرێت، لە کاتێکدا پێویست بوو هەموو جیهان خەڵاتی پێشمەرگە و کوردستان بکات، نەك کە ئێستا سزا دەدرێت، چاوی لی بنووقێنن.

ئەوانەی چاودێر و پسپۆڕن لەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی ئێستای ئەمریکا لە ناوچەکەدا، گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە بە ئاشکرا بڵێن، گەورەترین کەموکورتیی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە نەیتوانی بە شێوەیەکی راست و دروست مامەڵە لەگەڵ ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو هۆکارانەی ببوونە هۆی ئەوەی کوردستان ریفراندۆمی بۆ ئەنجام بدات، ئەمریکا بە ئاسانی دەیتوانی راستیان بکاتەوە و کوردستانیش قەناعەت پێ بکات بۆ ئەوەی ئەو ریفراندۆمە دوابخات، بەڵام کە کەمتەرخەمی کرد و نەیتوانی رۆڵی خۆی لەو کێشەیەدا یەکلایی بکاتەوە، ئەوا دەوڵەتێکی دیکە کە ئەویش ئێرانە جێگەی ئەمریکای گرتەوە، ئەمەش لە رووی سیاسییەوە پێگەی ئەمریکای لە کوردستاندا لاواز کردو پێگەشی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاوازتر کرد.

سەرۆك ترەمپ ئێستا شمشێری خۆی بەرامبەر بە ئێران راکێشاوە و ستافی ئیدارەکەی بە ئاشکرا رایدەگەیەنن، ئەگەر بمانەوێت سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕنەوە، ئەوا هیچ چارێك نییە و دەبێت نفووزی ئێرانی لە عێراق و سووریا و باشووری لوبنان کەم بکرێتەوە، بەڵام پسپۆڕان سەبارەت بە شمشێر راکێشانەکەی ترەمپ و لێدوانە ئاگرینەکانی ستافی ئیدارەکەی دەڵێن، ئەم کارە کاتێك بۆ ئەمریکا ئاسان دەبێت کە هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی کوردستان بخاتەگەڕ و کوردستان لە هەڕەشەکانی بەغدا بپارێزێت کە راستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە سپۆنسەر دەکرێت.

لایەنێکی دیکە بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا لە شەڕی دژی داعش قۆناخی دوای داعشە کە رەگ و ریشەی ئەم فیکرە هەڵبکێشرێت و دووبارە رێکخراوێکی تیرۆریستیی هاوشێوەی داعش دروست نەبێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسامییە، ئەوەیە کە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش، یان هاوشێوەی داعش، لە عێراق، یان لە سووریا، خزمەتی بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکات و ئەوەی ئێران پێی دەڵێت «بەرەی پێشەوەی شەڕ لەودیو سنوورەکانەوە» بەهێزتری بکات، بەمەش رۆڵ و نفووزی ئێرانی لە تەواوی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەکات، هەر بۆیە ئەگەر بەرژەوەندیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش بێت، ئەوا سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە بە پێچەوانەوەیە.

لە ئێستادا ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ، بە تەواوەتی هەستیان بەو مەترسییە کردووە، ئەگەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرە بەڕێوەبچێت، ئەوا لەلایەك بەشێك لە هاوپەیمانەکانیان وەك عەرەبستانی سعودیە نائومێد دەبن، بەشێکی دیکەشیان وەك تورکیا زیاتر لە ئێران و ڕووسیا نزیك دەبنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە قۆناخی دوای ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێدەکات، هەر بۆیە ئەگەر هەمموو هەژموونی ئەمریکا و ناتۆ لە ساڵانی شەڕی سارددا باڵادەستییان بوویێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا سەردەمێکی دیکە خەریکە دەست پێدەکات کە ئەویش سەردەمی باڵادەستیی ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی دەبێت.

لەناو ئەم ژینگە شێواو و ئاڵۆزەدا، هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان ئەو پێگە جوگرافییە بووە کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەتوانن جڵەوگیریی ئاراستەی شەڕی دژی داعشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێ بکەن و پێگەی خۆیانی تێدا ڕاست بکەنەوە، هەر بۆیە هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگێڕنەوە بۆ قۆناخی پێش ریفراندۆم و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بە هەڵەیەك چییان لەدەست داوە و دەبێت بە چ باجێك بیگێڕنەوە.

ئەو سیاسەتەی پێشتر و ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پیادەی کردووە، نەك هەر هاودژی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ناتۆ لەگەڵ ڕووسیا دروست نەکردووە، بەڵکو بەرژەوەندیی هەردوو لایەنی لە کوردستاندا پێکەوە کۆکردۆتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی عێراقیش لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی غرووری شیعەگەرایی حەیدەر عەبادی دەیەوێت وەك دۆڕاوی شەڕ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، بەڵام سیاسەتی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەو دەستوورەش هاودژی ناکات کە عەبادی بانگەشەی بۆ دەکات، بێگومان دەوڵەتانی دراوسێیش بەتایبەتی (ئێران و تورکیا) ئێستا هەردوولایان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە مانەوەی هەرێمی کوردستان جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێران دروست دەکات، هەر بۆیە ئەو دوو وڵاتەش لەگەڵ ئەوەی زۆر دژی ریفراندۆم بوون، بەڵام ئێستا سیاسەتی خۆیان لەگەڵ کوردستان هێور کردۆتەوەو دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستان بەردەوام بێت.

ئەم ئاراستەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەگەڵ عێراق و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین، بەوەی کوردستان بەشێوەیەکی لەسەرخۆ بەرەو هەستانەوەیەکی گرنگ لە دوای شکستی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەنگاو هەڵدەگرێت، لەمەش زیاتر بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی وادەخوازێت، هەتا ئەگەر بەناو، کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیش بێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەوا بارودۆخەکە وادەخوازێت، بە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت و تێکەڵاوی ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی نێوان عەرەبی شیعە نەکرێت و پارێزگاری بە تایبەتمەندییەکانی کوردستانەوە بکرێت، تا دەگاتە ئەوەی زەمینەیەك بۆ کوردستان دروست بکرێت کە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیشی، بە تەواوەتی پشت بە حکومەتی بەغدا نەبەستێت.

لەناو کایەی سیاسەت و حوکمڕانیدا، زۆر جاران هەڕەشە و تەحەددییەکان بە بەشێك لە نەتەوەکانی جیهان بوونەتە دەرفەتی خۆڕێکخستنەوە و دووبارە هەڵستانەوە و داڕشتنی بناخەیەکی تازەی ستراتیژیەتی دەوڵەتداری، هەر بۆیە ئەگەر لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پێنج مانگی ڕابردووی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ورد ببینەوە، هەست دەکرێت کە سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی کە پیادەکردنەکەی لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، خەریکە ئەو کارەساتە دەگۆڕێت بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کوردستان بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، بەڵام بەهێزتر لە پێشتر.

**چەمکی (یەکڕیزیی نیشتمانی) لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو تەنیا یەکڕیزیی ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە دژی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرن و دەیانەوێت دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارەساتە لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان رابگرن و بیسرنەوە**

**هەرگیز کوردستانی پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، کوردستانی دوای ئەو کارەساتە نییە، کارەکتەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش دەبێت دان بەو راستییەدا بنێن کە پرۆسەی سیاسی (وەرچەرخانی نوێ بەڵام خراپ)ی بەسەردا هاتووە و دەبێت لەبەر دەرهاویشتەکانی ئەو (وەرچەرخانە نوێ و خراپە)دا، سیاسەتێکی نوێ پیادەبکرێت و پرۆسەی سیاسی بە شێوازێکی نوێ و جیاواز لە قۆناخی پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر رێکبخرێتەوە**



**د. محەمەد خورشید**

**بەرپرسی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ئەوەی لە کەرکووک روودەدات وەک تاوانی رێکخراوی لێهاتووە

## سوپای عێراق و حەشدی شەعبی تەنیا بە حەویجەدا تێپەڕیون و رزگاریان نەکردووە

**هەروەك ئاشكرایە لە ئێستادا پارتی دیموكراتی كوردستان، كەركووك بە شارێكی داگیركراو دادەنێت و بڕیاری داوە كە بەشداریی هەڵبژاردنەكانی ئەو شارە نەكات و نایەوێت شەرعییەت بەو داگیركارییە بدات، بۆ قسەكردن لەبارەی ڕەوشی ئێستای كەركووك و ئەو دەنگ و باسانەی ئاماژە بە ئەگەری تێكچوونی زیاتری ڕەوشی ئەمنیی ئەو شارە دەكەن، لەگەڵ چەندین پرسی دیكەی پەیوەندیدار چەند پرسیارێكمان ئاراستەی د. محەمەد خورشید بەرپرسی لقی ٣ی پارتی دیموكراتی كوردستان كرد؛ لێرەدا پوختەی قسەكانی بڵاودەكەینەوە.**

*** لە ئێستادا ڕەوشی كەركووك چۆنە و ئەم شارە بە چ بارودۆخێكدا تێدەپەڕێت؟**

- بەگشتی دۆخی پارێزگای كەركووك بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبێت. بەشی یەكەم: سنووری ناوچە كوردییەكەیە كە لە قەزای داقوقەوە دەست پێدەكات لە ناوچەكانی كاكەیی و داویێ و تاڵەبانی و (بە پشتێنەیەكی تەواو بە دەوری شارەكە) تاكو قادر كەرەم و لەیلان و قەرەهەنجیر و شوان و ئاڵتون كۆپری و قەزای دوبز و سەرگەڕان دەگرێتەوە، كە ناوچەیەكی تەواو كوردنشینن. ئێستا ئەم ناوچە كوردنشینە بە سەربازی كراوە و سەرەتا سوپای عێراق هاتن و ئێستا هێزی پۆلیسی ئیتیحادی لەوێن، خاڵی پشكنینیان داناوە و ڕۆژانە كێشە و سەرئێشە بۆ خەڵك دروست دەكەن. هەروەها ئێستا پرۆسەی تەعریبكردن دەستی پێكردۆتەوە و عەرەبە هاوردەكانی پێشوو بە پاڵپشتی پارێزگاری كەركووك بە وەكالەت و بە پشتیوانی حەشدی شەعبی و حەشدی وەتەنی كە ئەویش بەشێكە لە حەشدی شەعبی، دەیانەوێت بێنە ئەو ناوچانە، ئەم حاڵەتە سەرەتا لە گوندی پەلكانەی سەربە سەرگەڕان ڕوویدا و دواتر ناوچەكانی دوبزیشی گرتەوە، ئێستاش تەواوی ناوچەی نێوان پردێ تا كەركووك- ئەو ناوچەیەی پێی دەڵێن ساڵەیی و بیبانی- كەوتۆتە بەر ئەو داواكارییانە كە ڕۆژانە عەرەبەكان دێن لە دادگای پردێ و بەڕێوبەرایەتی كشتوكاڵی پردێ داوای زەوی دەكەن. هەفتەی ڕابردوو ئەم حاڵەتە سنووری شوانیشی گرتەوە، واتە ناحیەی ڕێدار، هەروەها ناوچەی لەیلانیش.

- بەشی دووەم: پەیوەستە بە ناو شارەوە كە دۆخێكی نائاسیی داسەپاو هەیە، گەڕەكە عەرەبی و توركمانییەكان چەكدارن، واتە بە ناوی حەشدی شەعبی و حەشدی وەتەنی چەكدار كراون، ئەمە لە كاتێكدا كە گەڕەكە كوردییەكان چەككراون و كەس بۆی نییە چەكی هەبێت لە ماڵەوە. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی دزی و تاڵانی و ڕفاندنی منداڵ و ئافرەت لە ڕووداوەوە ببنە دیاردە، بە چەشنێك ڕەنگە بتوانین پێی بڵێین تاوانی ڕێكخراو – جریمە منقمە-. تەنانەت شەوانە هەڵكوتنەسەر ماڵان هەیە، بە تایبەتی لەو گەڕەكە كوردیانەی تاوەكو پێش خیانەتەكەی ١٦ی ئۆكتۆبەر گەڕەكی زۆر ئارام بوون، وەك ڕەحیماوە و مامۆستایان و شۆریجە و ئیمام قاسم و باروتخانە.

بەشی سێیەم: ناوچەی عەرەبنشینە كە لە سنووری قەزای داقوقەوە دەستپێدەكات، لە گوندی ئەبو محەمەد و ئەبو نەجمەوە دەست پێ دەكات تا ناحییەكانی غێدە و عەباسی و مولتەقاو ڕەشادو ڕیاز و ناوەندی قەزای حەویجە، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بكەم كە تەنیا ناوەندەكانی شارو قەزاو ناحیەكان بەدەست هێزە عێراقییەكان و حەشدی شەعبییەوەیە، ناوچەكانی دیكە بە تەواوەتی لە ژێر هەژمونی گرووپە چەكدارە جیاوازەكانەوەن، كە دیارترینیان چەكدارەكانی تیرۆریستانی داعشن. كە بە شەو و ڕۆژ پێكدادان لە نێوان ئەو چەكدارانە و سوپای عێراق و پۆلیسی ئیتیحادی ڕوودەدات.

*** ئایا ئەو گرووپەی هاوكاری هاتنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بوو، هیچ دەسەڵاتێكی نییە تاوەكو هاووڵاتیانی كورد بپارێزێت؟**

- كوردستانییان بە گشتی هیچ دەسەڵاتێكیان نییە، تەنانەت ئەگەر كارمەندی حكومەتیش بن، بۆ نموونە، بەڕێوەبەری پۆلیسی كەركووك، كە بە ناو عەمیدێكی سەر بە یەكێتیی نیشتیمانییە، ڕێگەیان پێنەدا بە كوردی قسە بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بكات. كەواتە ئەو گرووپەی خیانەتیان كرد و ئەو بەدبەختییەیان بەسەر كورد و كەركووكدا هێنا و خۆیان ڕیسوا كرد، ئێستا خۆشیان بۆیان نییە چەكیان پێ بێت و لە ماوەی ڕابردوودا پسولەی چەكیان بۆ كردوون.

*** ئەو دەنگۆیانەی باس لە هێرشی چەكداریی داعش بۆ سەر كەركووك دەكات، تا چەند ڕاستن؟ ئایا ئەگەر ڕەوشەكە بەم ئاراستە مەترسیدار و نائارام و ناسەقامگیرییەدا بڕوات، دۆخەكە چی بەسەر دێت؟**

**گلەیی زۆرمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، كە بە داخەوە ئامادە نەبوو بۆ یەک چركەش گوێ بۆ قوتابییەكی ئێمە بگرێت و بە دەنگ داواكارییەكانییەوە بچێت**

**سوپاسێكی زۆری سەرجەم چین و توێژەكانی شاری هەولێر دەكەم، كە پێشوازییەكی تایبەتیان لە ئاوارەكانی كەركووك كرد و هاوكارییەكی زۆریان كردوون**

**بەپێی دەزگاكانی تایبەت بە ئاوارەكان، ئەوانەی ڕوویان لە هەولێر كردووە لە سەرووی ١١٥٠٠ خانەوادەن**

**چۆن دەکرێت داوا لە حزبێک بکرێت کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی شارێکدا بکات، کە بارەگاکانی داگیرکرابێت و ئەندامەکانی نەتوانن بە ئازادی بانگەشە بکەن؟**

**حکومەتی عێراق فشارێکی زۆری دروست کردووە بۆ ئەوەی دەنگەکان بە شێوەیەک دابەش بێت کە ئەمجارەیان کورد لە کەرکوک زۆرینە نەبێت، خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو فیکرەیە**

**پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و پارتی لە ناو کەرکوودا ترسی لای باڵی خیانەتکار دروست کرد، کە تەنانەت کار گەیشتە ئەو راددەیەی کە لە کەرکووک چاوساغیی بۆ حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ سەر ماڵە پارتییەکان بکەن**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی حەویجەدا روویدا، رزگارکردنی ئەو شارە نەبوو، بەڵکو تەنیا تێپەڕبوون بوو بە حەویجەدا بۆ ئەوەی بێن رەشاد و ریاز و ئەو خیانەتکارییە جێبەجێ بکەن کە لەگەڵ گرووپە خیانەتکارەکەدا لەسەری رێککەوتبوون. کەواتە ئەو ناوچانە پاك نەکراونەتەوە و داعش هەر لە شوێنەکانی خۆیەتی. هەروەها بە پێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی لەبەردەستی ئێمەدان، حکومەتی عێراق لە ١ی مانگی شوبات نووسراوێکی ئاراستەی پۆلیسی کەرکووك کردووە کە هۆشداری دەدات لەوەی هێزەکانی داعش ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەکەن لە شاری کەرکووك، ئەوە بوو لە ١١ی شوبات هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق و چەند کەسێکیان لێ کوشتن. بەڵام شەڕە گەورەکە لە ناحیەی ریاز روویدا و و دەقاودەق لەسەر پردی گوندی ئەل سەعدونییە بوو، کە دوو ئۆپەراسیۆنی هاوکات بوو، یەکێکیان کەمین بوو، ئەوی دیکەیان هێرشبردن بوو، کە بە پێی راگەیاندنی حەشدی شەعبی، هێرشبەرەکان ٢٧ ئەندامی حەشدیان رفاند و دواتر کوشتیانن و نزیکەی ٣٠ کەسیشیان لێ بریندار کردن، لە دوای ئەو رووداوە حەشدی شەعبی لەو ناوچەیە کشایەوە، بە کشانەوەی حەشدیش پۆلیسی ئیتیحادی نەیتوانی بمێنێتەوە، کەواتە ئێستا ئەو سەنگەرانەی پێشتر کەرکووکی لێ دەپارێزرا لەبەرامبەر داعشدا، واتە میحوەری باشوور و میحوەری رۆژئاوای کەرکووك، ئێستا چۆڵ کراون. واتە ئێستا ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی کراوەیە بۆ داعش. هەر لەبەر ئەمەش کە حکومەتی عێراقی جارێکی دیکە لە دوای ٢٠ی شوباتەوە ئاگاداری داوە کە داعش هێرش دەکاتە سەر کەرکووك و دەبێت هەموو کەس ئاگادار بن و دوانووسراویشیان لە ٢٤ی شوباتە کە باس لەوە دەکات داعش بە نیازی ئەنجامدانی هێرشێکی گەورەیە بۆ سەر کەرکووك، ئەمەش ترس و دڵەڕاکێیەکی زۆری لە نێو خەڵکی کەرکوودا دروست کرد، کە بە داخەوە پۆلیسی ئیتیحادی و هێزەکانی دژەتیرۆر لە کەرکووك لەبری ئەوەی بەرەو باشووری شارەکە بچن و ئەو هێڵە بپارێزن، ئەوا چەند رۆژێکە لە نێوان پردێ بۆ رێدار و لە رێدار بۆ کۆچەك — کە ناوچەی کوردنیشین و هیچ کێشەیەکیان نییە- کەوتوونەتە سەنگەرلێدان.

*** ئێستا باس لەوە دەکرێت کە کێشەکان بە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق چارەسەر بکرێت، ئایا پێتانوایە تا چەند حکومەتی عێراق لە هەنگاوهەڵگرتن بۆ گەیشتن بە رێگاچارەیەك بۆ کێشەکان جددی بووە؟**

- لە راستیدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە دوای ٢٠ی ئۆکتۆبەرەوە، واتە دوای شەڕەکەی پردێ و مەحموودیە کە سوپاس بۆ خوا هێزی پێشمەرگە پێشڕەوی سوپای عێراقی راگرت، ئەوەی حکومەتی عێراق کردوویەتی، تەنیا لێدوان بووە و هیچ هەنگاوێکی عەمەلی هەڵنەگرتووە، ئیدی لە پەیوەندی بە مووچەوە بێت، یان کردنەوەی فڕۆکەخانەکان، یاخود کردنەوەی رێگاکان بێت، ئەمە بۆ کەرکووکیش راستە، واتە تا ئێستا حکومەتی عێراقی هیچ نەرمییەکی نەنواندووە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك. بۆ نموونە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شارەدا داگیرکراوە و بەدەستی حەشدی شەعبی و حەشدی وەتەنی و سوپاوەیە و هیچی نەگەڕێندراوەتەوە، دواتر حکومەتی عێراق رایدەگەیەنێت کە هیچ هێزێکی حەشدی شەعبی لە ناو کەرکووکدا نەماوەتەوە، کەچی کاتێك تەقینەوەیەکی خۆکوژی کرا، وتیان بارەگای «عصائب اهل الحق»ی کردۆتە ئامانج کە لە بنەڕەتدا ئەوە بارەگای پارتی گەلی تورکمانی بوو. کەواتە تا ئێستا حکومەتی عێراق هەر بە لووتبەرزییەوە مامەڵە دەکات.

*** بۆچی هەموو هێرش و پەلاماردانەکان بۆ سەر کادیر و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگاکانی پارتییە، لەکاتێکدا بارەگای پارتەکانی دیکە داگیر نەکراوە و نەسووتێنراون؟**

- لە راستیدا ئەوان هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستانیان کردۆتە ئامانج و تەنیا ئەو بەرەیە ناکانە ئامانج کە دەستی لەگەڵدا تێکەڵ کردون. دواتر ئەوان داخێکی قورس و گران لە دڵیاندا ماوەتەوە بە هۆی شەڕی پردێ و مەحموودییەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی کردی. هەروەها لە ئێستادا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆتە سەرقافڵەی نیشتمانپەروەریتی، بۆیە بۆتە ئامانجی سەرەکی. هەروەها ئەوە پارتی بوو کە لە پشت سەرکەوتنی ریفراندۆمەوە بوو لە کەرکووك، ئەوە بوو پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و پارتی لە ناو کەرکوودا ترسی لای باڵی خیانەتکار دروست کرد، کە تەنانەت کار گەیشتە ئەو رادەیەی کە لە کەرکووك چاوساغیی بۆ حەشدی شەعبی و

سوپای عێراق بۆ سەر ماڵە پارتییەکان بکەن.

*** بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بوونی یەکڕیزی و یەکدەنگی بۆ کۆتاییهاتن بە سزاو گەمارۆ و دژایەتیکردنی کوردی کەرکووك و ڕێگرتن لەتەعریبکردنی تەواوی ئەو ناوچانە پێویستە، ئایا بۆ ئەو یەکڕیزی و یەکدەنگییە چیتان کردووە؟**

- ئامۆژگاری سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە وەکو لقی کەرکووك ئەوە بووە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و لایەنە ئیدارییەکان ڕێکبخەینەوە، ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە پێشتر ڕێکنەخرابوو، بەڵام ئاراستەکە ئەوە بوو کە زیاتر ڕێکبخرێتەوە و پتر بەرەوپێش ببردرێت، چونکە پێشتر هەندێ حاڵەتی تایبەتی ڕووی دابوو. ئەوە بوو ئێمە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و هەروەها ئیدارەی کەرکووکیش بەرەوپێش برد کە تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی عێراق پرسی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك مشتومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێت، ئایا لەشارێکدا کە دۆخی ئارامی و سەقامگیرییەکەی بەمشێوە مەترسیدارە بێت و عەسکەرتاریەت بەسەریدا زاڵ بێت، چۆن هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنەکانی کەرکووکەوە، ئەوا دۆخەکە لەم شارەدا چۆتە بارێکی تایبەتەوە و تەنانەت حکومەتی عێراق فشارێکی زۆری دروست کردووە بۆ ئەوەی دەنگەکان بە شێوەیەك دابەش بێت کە ئەمجارەیان کورد لە کەرکووك زۆرینە نەبێت، خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو فیکرەیە. خۆ ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت کە باشە ئەی بۆچی پارتی بڕیاری بەشدارینەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم شارەدا؟ ئەوا لەبەر ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان کەرکووك بە شارێکی داگیرکراو دەزانێت، چونکە شەڕ کراوە و لەم پێناوەدا ئێمە شەهیدمان داوە. دواتر بارەگاکانی پارتی لەو شارەدا داگیرکراون، بۆ نموونە لە ئێستادا بارەگای دژەتیرۆر و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووك لە نێو بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بارەگای لقی سێ لە ئێستادا حەشدی شەعبی تێدایە، ئەمە بۆ شوێنەکانی دیکەی کەرکووکیش ڕاستە، ئێ باشە چۆن دەکرێت داوا لە حزبێك بکرێت کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی شارێکدا بکات، کە بارەگاکانی داگیرکرابن و ئەندامەکانی نەتوانن بە ئازادی بانگەشە بکەن؟

*** باشە ئەی ڕەوشی ئاوارەکانی کەرکووك چۆنە و ئایا چۆن لە دۆخی ئەو خەڵکە لێقەوماوانە دەڕوانن؟**

- من سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بە ژمارەی ئاوارەکانی شاری کەرکووك و دەوروبەری بکەم لە شاری هەولێر، کە بە دڵنیاییەوە بەشێکی دیکەی ئەو ئاوارانە لە شارەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێن، بەڵام ئەوەی لە هەولێردا هەن و بەپێی دەزگاکانی تایبەت بە ئاوارەکان، ئەوانەی ڕوویان لە هەولێر کردووە لە سەرووی ١١٥٠٠ خانەوادەن. کە من لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی زۆری سەرجەم چین و توێژەکانی شاری هەولێر بکەم، کە پێشوازییەکی تایبەتیان لە ئاوارەکانی کەرکووك کرد و هاوکارییەکی زۆریان کردوون، بەتایبەتی لە ڕۆژانی یەکەمدا. هەرچەندە حکومەتی هەرێمیش لە ڕووی داراییەوە لە دۆخێکدا نییە کە کەس حەسوودی پێ بەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی توانای بەدەمەوەچوونی هەبووە بۆ پێداویستیی ئاوارەکان و تا ئێستا ٦،٠٠٠ خانەوادە هەر یەکەیان ٢٠٠ لیتر نەوتیان پێدراوە و هەندێ هاوکاریی دیکەش کراون. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گلەییمان هەیە لە هەندێ دەزگای ئیداری لە هەولێر بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئاشتی ٢، کە گیروگرفتی زۆریان بۆ ئاوارەکانی ئێمە دروست کرد، کە دەیانویست لە خانووەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا نیشتەجێ بن، لە کاتێکدا ئەو خانووانە چۆڵ بوون و ئەو خەڵکەش لە بەدبەختی خۆی ئاوارە ببوو. هەروەها گرفتی گەورەمان بریتی بوو لە قوتابییەکانی زانکۆ و گلەیی زۆرمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، کە بە داخەوە ئامادە نەبوو بۆ یەك چرکەش گوێ بۆ قوتابییەکی ئێمە بگرێت و بە دەنگ داواکارییەکانییەوە بچێت، واتە بەداخەوە د. یوسف گۆران کە خۆی کەرکووکییە و هاوڕێمە، دەبوو بەر لە هەموو کەس ئەو بهاتایە بە دەم داواکارییەکانی ئێمەوە، بەڵام تەنانەت تەلەفۆنیشمان بۆ کرد، وەڵامی نەداینەوە، لەبەر ئەوە ئێمە گلەیی قورسمان لە د. یوسف گۆران هەیە، کە نەدەبوو بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵمان بکردایە و ئەمە جێی نیگەرانی ئێمەیە و هیوادارم جارێکی دیکە ئەو وەزارەتە ئەو هەڵە زەقە بەرامبەر هیچ ئاوارەیەکی دیکە نەکات.

**ئەوەی حکومەتی عێراق کردوویەتی، تەنیا لێدوان بووە و هیچ هەنگاوێکی عەمەلی هەڵنەگرتووە، ئیدی لە پەیوەندی بە مووچەوە بێت، یان کردنەوەی فڕۆکەخانەکان، یاخود کردنەوەی ڕێگاکان بێت، ئەمە بۆ کەرکووکیش ڕاستە**

**ئێستا ئەو سەنگەرانەی پێشتر کەرکووکی لێ دەپارێزرا لەبەرامبەر داعشدا، واتە میحوەری باشوور و میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک، ئێستا چۆڵ کراون. واتە ئێستا ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی کراوەیە بۆ داعش**


**ئەو گرووپەی خیانەتیان کرد و ئەو بەدبەختییەیان بەسەر کورد و کەرکووکدا هێنا و خۆیان ڕیسوا کرد، ئێستا خۆشیان بۆیان نییە چەکیان پێ بێت و لە ماوەی ڕابردوودا پسولەی چەکیان بۆ کردوون**



# ئێران

## لەنێوان دار و پەردووی ئاڵۆزییەکاندا

سوودی ئێران لە ناو کێشە و
ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



**ڤەلی نەسر**

**راگری کۆلێژی پاوڵ نیتز بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆنز هۆبکینز**

**ئەم وتارە لە ژمارەی ئادار و نیسانی ٢٠١٨ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە.**



لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان و شەڕە ناوخۆییەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو سیستمە سیاسییە لەبەر یەك هەڵبوەشێت کە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێناسە کردووە. هەر هێندە رژێمە ئۆتۆکراتەکان رووخێنران، هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی تێکشکان و لەبەریەك هەڵوەشانەوە. سنوورە نیشتمانییەکانیان کەوتە بەر مەترسی، سووریا و یەمەن بەرەو شەڕێکی خوێناویی ناوخۆیی داکشان و بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە شەڕ زیاتر خویناوی بوو. گرووپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە (داعش) ناسراوە، بەشێکی زۆری خاکی سووریا و عێراقی داگیرکرد، پێش ئەوەی لەلایەن هاوپەیمانییی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا پاشەکشەی پێ بکرێت.

لە دیدی ئیدارەی ترەمپ و چاودێر و بەرپرسانی واشنتۆن و ناوچەکەوە، یەك لایەن لەپشت ئەم ئاژاوەیە بووە، کە ئەویش ئێرانە. ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن، هەر ئەو وڵاتە دابینکاری بۆ گرووپە تیرۆریستەکان دەکات، پشتگیری بەشار ئەسەدی دیکتاتۆری سووریا دەکات و یارمەتی یاخیبووە حوسییەکانی یەمەن لەدژی سعودیە دەدات. دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بەوجۆرە وەسفی ئێرانی کردووە کە «دەوڵەتی سەرەکییە لە جیهاندا و سپۆنسەری تیرۆریزم دەکات و دیدگایەکی شەڕانگێزی بۆ ئایندە هەیە.» هەروەها ئەو رێککەوتنەی کە ئەمریکا و پێنج دەوڵەتی دیکە سەبارەت بە پرۆگرامی نیوکلیاریی ئێران لەسەری رێککەوتبوون لە ٢٠١٥ لەلایەن ترەمپەوە رەتکرایەوە و بە خراپترین رێککەوتن ناوی بردووە، هەروەها پەسەندکردنی ئەوەی رەتکردووەتەوە کە ئێران بە مەرجەکانی رێککەوتنەکەوە پابەند بووبێت.

جیمیس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا بەو جۆرە وەسفی ئێرانی کردووە کە «ئێران تەنیا هەڕەشەی بەردەوامە لەسەر ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.» هەروەها وەزیری دەرەوەی سعودیە عادل جوبێر بەوە ئێرانی تۆمەتبار کردووە کە «گەیشتۆتە ئەو ئاستەی زیاتر بارودۆخەکە بشێوێنێت.»

واشنتۆن گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە بچووککردنەوەی رۆڵی ئێران دەبێتە هۆکاری ئەوەی سیستەم بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێتەوە، بەڵام ئەم مەزندەکردنە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە هۆکاری ئەم تێکشکاندنە پێش هەر شتێکی دیکە چییە؟ ئێران هۆکاری ئەو لەبەریەك هەڵوەشانەوە نییە، هەروەها لغاوگیرکردنی ئێران سەقامگیری ناگەڕێنێتەوە، ئەوە گومانی تێدا نییە کە هەندێك لە رەفتارەکانی ئێران هەڕەشەی جددی لەسەر ئەمریکا دروست کردووە، هەروەها ئەوەش گومانی تێدا نییە کە سوودی لە هەڵوەشانەوەی سیستەمە کۆنەکەی جیهانی عەرەبی وەرگرتووە و هەوڵیدا جڵەوگیری بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سیاسەتی دەرەوەی زۆر لەوە پراگماتییانەترە کە هەندێك لە رۆژئاوا لێی تێدەگەن. کاتێك ئێران خوازیاریی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی پیشاندا، ئەوە پێداگیریی ئێران بوو لەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی، نەك خوازیاری ئەوە بێت شۆڕشە ئیسلامییەکەی هەناردەی دەرەوە بکات، هەربۆیە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ئەو کاتە دەبێت کە ئەمریکا هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکە و گێڕانەوەی هاوسەنگی لە ناوچەکە، ئەمەش پێویستی بە پرۆگرامێکی ورد هەیە. کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێرانیش لەخۆی دەگرێت، نەك بەشێوەیەکی پێچەوانە بەرپەرچ بدرێتەوە.

**● زۆر ئاساییترە . لەوەی بیری لێدەکرێتەوە**

زۆر جاران سیاسەتمەدار و شرۆڤەوانانی رۆژئاوا بەرژەوەندی و تموحەکانی تاران لە هەستی شۆڕشگێڕیدا بچووك دەکەنەوە. ئێران ئەو تۆمەتەی تێپەڕاندووە، لە راستیدا ئەوە گومانی تێدا نییە کە توندڕۆکان سیمای تارانیان داپۆشیوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆرێکیش سیاسەتمەداری پراگماتیك و میانڕۆیان هەیە، کە سوورن لەسەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ رۆژئاوادا بکەن، لە سیاسەتی ناوخۆشدا دوو بەرە هەن، کە لە شەڕێکی توند و درێژخایەندان، بەڵام کاتێك پرسەکە پەیوەندی بە سیاسەتی

**ئێران چاوی لە زیادکردنی ئاست و ئەندازەی بازرگانییە لەگەڵ رووسیاو دەیەوێت چەکی پێشکەوتووی لێبکرێت بۆ پارسەنگکردنەوەی خەرجییە سەربازییە هەڵکشاوەکانی ئەو بەرەیەی کە سعودیە سەرکردایەتی دەکات**

**ئێران رەنگە تەنانەت رێککەوتنی بەرگری لەگەڵ رووسیادا واژوو بکات، کە هاوکاریی پتەوی سەربازی و هەواڵگری لە نێوان هەردولادا لەخۆ بگرێت**

**لەو کاتەوە کە ئەمریکا لە ساڵی پاردا خۆی بەدوورگرتووە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و گوشارێکی زیاتری لەسەر ئێران دروست کردووە، ئەوا لە تاراندا کۆدەنگییەك لەسەر پێویستیی گرێدانی پەیوەندیی بەتینتر لەگەڵ رووسیا دروست بووە**

دەرەکییەوە هەبێت، جۆرێك لە تەوافقی زیاتر لەسەر پێداویستییەکانی ئاسایشی نیشتمانی و ناسیۆنالیزم دروست دەبێت، هەر ئەم کۆدەنگییەی بووە هۆکاری ئەوەی هانی ئێران بدات و رێککەوتنی ئەتۆمی جێبەجێ بکات.

هەندێك لە شرۆڤەوانان بەوجۆرە سەیری ئێرانی ئەمڕۆ دەکەن، کە چۆن میلیشیا و یاخیبووان لەدەرەوە بەکاردەهێنێت، هەروەك چۆن ئەمریکا سەیری یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و چینی دەکرد، بەوەی هێزێکی شۆڕشگێڕین و خواستیان ئەوەیە کە ئامێری جۆراوجۆر (a symmetric means) بەکار دەهێنن بۆ تێکدانی ئەم سیستەمە و چاندنی تۆوی ئاژاوە. سەبارەت بە ئامانجی ئێران بۆ فراوانکردنی نفووزی خۆی، جیمس ماتیس لە دانیشتنێکی گوێگرتندا بۆ جەختکردنەوە لەسەر (دووبارە بونیادنانەوەی ناوچەکە)، وەك خۆی گوتی: ئێستا ئێران زیاتر لە مودێلی رووسیا و چین نزیکترە، نەك لە شۆڕشگێڕەکانی پێش خۆیان. ئێران ئەو هێزەیە کە دەیەوێت بەردەوام پێداچوونەوە بکات و خۆی هەموار بکاتەوە (it is a revisionist power)، نەك وەك هێزێکی شۆڕشگێڕ کە بەرهەڵستیی سیستەمە هەرێمییەکە بکات و، نەخشەی داناوە بیپووکێنێتەوە. زۆر جاران میتۆدی ئێران تەحەددای بنەما نێودەوڵەتییەکان دەکات، بەڵام خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆی دەکات، تەنانەت کاتێك کێشەی لەگەڵ ئەمریکاش زۆر بەرچاو نەبێت، ئەوا تێڕوانینی ئێران زیاتر لە ڤلادیمیر پۆتین و شی جین بینگ دەچێت، تا لینین و ماوتستۆنگ، ئەم میتۆدە زیاتر ناسیۆنالیزم سەرکردایەتی دەکات و کەمتر هەستی شۆڕشگێڕییە.

ئەوەی دەبێتە چوارچێوە بۆ جیاکردنەوەی تێڕوانینی ئێرانی ئێستا، بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی پەهلەوی-یش، کە بە درێژایی پێنج دەیەی پێش شۆڕشی ئیسلامی، حوکمڕانیی ئێرانیان کردووە. محەمەد رەزا پەهلەوی کە دوایین شای ئێران بووە، تێڕوانێنی بەو جۆرە بووە کە هەژموونی باڵادەستیی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**واشنتۆن گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە بچووککردنەوەی رۆڵی ئێران دەبێتە هۆکاری ئەوەی سیستەم بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێتەوە، بەڵام ئەم مەزەندەکردنە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە هۆکاری ئەم تێکشکاندنە پێش هەر شتێکی دیکە چییە؟ ئێران هۆکاری ئەو لەبەریەک هەڵوەشانەوە نییە، هەروەها لغاوگیرکردنی ئێران سەقامگیری ناگەڕێنێتەوە، گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ئەو کاتە دەبێت کە ئەمریکا هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکە و گێڕانەوەی هاوسەنگی لە ناوچەکە، ئەمەش پێویستی بە پرۆگرامێکی ورد هەیە. کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێرانیش لەخۆی دەگرێت، نەک بەشێوەیەکی پێچەوانە بەرپەرچ بدرێتەوە.**

**ڕووسیا لە بەها و نرخی ئێران بۆ تمووحە بەرفراوانەکانی خۆی تێدەگات. چونکە ئێران پێگە و هەڵکەوتەیەکی گرنگی جوگرافی هەیە و وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە وزە و دانیشتووانێکی ٨٠ ملیۆن کەسی هەیە و خاوەنی تۆڕێکە لە وەکیل و هاوپەیمانەکان کە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبوونەتەوە**

**هێزی پیادەی ئێران سەرکەوتنی ڕووسیای لە سووریادا مسۆگەر کرد. هەروەها ڕووسیا و ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا زۆر لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ یەکتردا کرد لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست، ئەم دوو وڵاتە وەک دوو هێزی مەزن لە خۆیان دەڕوانن کە لە پێگەیەکی جیاوازدان لەگەڵ هاوپەیمانێتییەکانی ئەمریکا کە بۆ ئیحتواکردنی ئەوان بنیادنراون**

**ڕووسیا بۆتە لایەنێکی سەرەکی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سووریا، لە دەرەوەی سووریاش پەرەی بە ڕۆڵی خۆی داوە، بە چەشنێک بۆتە تاکە هێزێکی ناوبژیوان کە هەموو کاراکتەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن**

بە توانای ئەتۆمی و باڵادەستیی سەربازی و کۆنترۆڵی تەواوی کەنداوی فارس دێتەدی.
کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەك خۆی لەم تێڕوانینە ناسیۆنالیستییە دوورخستەوە، لەپێناوی هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئامانجێکی ئایدیۆلۆژی، بەڵام ناسیۆنالیزم لەماوەی دەیە و نیوێکدا ئاراستەی بەرزبوونەوەی وەرگرتووە. ئەمڕۆ سەرکردەکانی ئێران دەربڕینەکانی خۆیان بە ئایدیاڵی ئیسلامی و ئەفسانەی ناسیۆنالیستی کۆن تێکهەڵکێش دەکەن، هەروەك چین و ڕووسیا، ئێران یادەوەریی زیندووی لەگەڵ ڕابردووی ئیمپراتۆریەت هەیە، ئیلهامیش بۆ بوونی بە هێزێکی گەورە لەگەڵ ئەم ڕابردووە یەك دەگرێتەوە، هەربۆیە وەك ڕووسیا و چین، ئێرانیش بەوجۆرە سەیری سیستمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەکات، کە ئاستەنگ بۆ تمووحەکانی دروست دەکات.

ئەم تمووحە ناسیۆنالیستییانە هاوشان لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئاسایشی نیشتمانی یەك دەگرنەوە، هێزەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا مەترسییەکی ئاشکرایان لەسەر ئێستای ئێران دروست کردووە، داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بەسەدان هەزار سەربازی ئەمریکی لەسەر سنوورەکانی ئێران جێگیر کردووە، ئێرانیش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بیرکردنەوە لەوەی کە هێزەکانی ئێران لە گۆڕەپانی شەڕدا هێزەکانی ئەمریکا تێك بشکێنن، کارێکی گێلانەیە، بەڵام داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ئەوەی پیشاندان کە تەنیا دوای داگیرکردنە، میلیشیاکانی شیعە و یاخیبووانی سوننە بە تەواوەتی ئەو کارە دەکەن کە ئێران ئامانجیەتی، ئەمەش ئەمریکای گەیاندە ئەو قەناعەتەی بڕیاری کشانەوە بدات، هەروەها بەکارهێنانی ئەو میلیشیا شیعانەی کە پشتیان بە مەشق پێکردن و چەکی ئێران بەستبوو، کە لە شەڕی عێراقدا لەساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١١ ) بە هەزاران سەربازی ئەمریکییان کوشت و برینداریان کردن، بۆتە یارمەتیدەرێك بۆ تەفسیرکردنی دژایەتی ئیدارەی ئەمریکی بۆ ئێران.

هەروەها ئێران هەڕەشە لە لایەن جیهانی عەرەبییەوە بۆ سەر خۆی دەبینێت. لەساڵی ١٩٥٨ـەوە کە شۆڕشی ئێران ڕژێمی پادشایەتی گۆڕی، هەتا ساڵی ٢٠٠٣، عێراق هەڕەشەیەکی بەردەوامی لەسەر ئێران دروست کردبوو، یادەوەرییەکانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، تێڕوانینی ئێرانی بەرامبەر جیهانی عەرەبی دروست کردووە. زۆربەی سەرکردەکانی ئێستای ئێران جەنگاوەری ئەو شەڕە بوون، کە تیایدا عێراق خاکی ئێرانی بە خۆیەوە لکاندبوو، هەروەها چەکی کیمایی دژی هێزەکانی ئێران بەکارهاتبوو، بە هێرشی ڕۆکێتی، ترس و دڵەڕاوکێیان لە شارەکانی ئێراندا دروست کردبوو، بەڵام ئێران لەساڵی ٢٠٠٣وە هەوڵیداوە هەستی سەربەخۆیی کورد لە عێراق و سووریا بچەپێنێت، تەنگژەی نێوان شیعە و سوننەشی لە ناوچەکەدا زیاد کردووە، بۆ چەسپاندنی ئەو مەزندەیەی کە جیهانی عەرەبی هەڕەشە لە ئاسایشی ئێران دەکات.

هەروەها ئێران نیگەرانە لەوەی کە ڕکابەرە تەقلیدییەکانی لە ڕووی خۆپڕچەککردنەوە تێپەڕێنن، هەر بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرتێکی ئامۆژگای ستۆکهۆڵم بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی لە ٢٠١٦دا، ئێران ٣٪ی کۆی داهاتی ناوخۆی (GDP) بۆ سوپاکەی خەرج کردووە، ئەمەش کەمترە لەو ڕێژەی سعودیە کە ١٠٪، ئیسرائیل ٦٪، عێراق ٥٪ و ئوردن ٤٪ـە، بەمەش ئێران لەڕووی خەرجی سەربازییەوە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی هەشتەم دێت، هەربۆیە خەرجی سەربازیی ئێران لەو دواییە بەم شێوەیە بووە. هەر بۆ نموونە سعودیە ٦٣,٧ ملیار دۆلاری لە ساڵی ٢٠١٦ لە بەرگری خەرجکردووە، ئەمەش واتە پێنج هێندەی ئێرانە کە ١٢,٧ ملیار دۆلاری خەرجکردوو.

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کێبڕکێیە، ئێران تەبەنی ستراتیژیەتی (بەرگری هێڵی پێشەوە - Forward Defense)ی کردووە، ئەم ستراتیژەش پشتگیریی هەموو گرووپە میلیشیایی و یاخیبووەکان لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، وەك (حەماس و حزبوڵای لوبنان کە هەردووکیان هەڕەشە لە سنوورەکانی ئیسرائیل دەکەن.)


هێزی زۆر تێکدەری ئێرانی، هێزی قودسە،

کە بەشێکە لە فەیلەقی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و راسپێردراوە مەشق بەو هێزە وەکیلانەیان بکات و پێداویستییەکانیشیان دابین بکات. حزبوڵا سەلماندوویەتی کە هاوپەیمانێکی چالاکە بەشێوەیەکی تایبەت، ئەو هێزە بۆ یەکەمین جار یەکەمین سەرکەوتنی سەربازیی عەرەبی دژی ئیسرائیل تۆمارکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ هێزەکانی ئیسرائیلی ناچار کرد لە باشووری لوبنان بکشێنەوە، لە ٢٠٠٦ هێرشی ئیسرائیلی لە باشووری لوبنان لاواز کرد. هەمان لۆژیك لە پشت پرۆگرامی رۆکێتە دوورمەوداکانی ئێراندا هەیە، (تەنانەت پێش رێککەوتنەکەی ٢٠١٥، بۆ هەوڵە ئەتۆمییەکانی) ئێران بەو نیازە بوو کە ئەو پرۆگرامەی چەترێك دەبێت بۆ پاراستنی هێزەکانی دیکە، ئەمەش ئەو ستراتیژیەتەیە کە بۆ سەرکەوتنی پاکستان دژی هیندستان بەکار هاتووە، بەڵام ئێران لەسەر سڕکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی رازی بووە، ئایدیای ئێران لە ئێستادا ئەوەیە، لەگەڵ بوونی بەرنامەیەکی رۆکێتی و بە تەواوەتی پێشکەوتوو، ئەوا تەنانەت وڵاتێکی زۆر بەهێزتریش لە خۆی ناتوانێت هێرش بکاتە سەر ئێران و وەکیلەکانی، بە بێ ئەوەی رووبەڕووی کاولکاری نەبێتەوە.

**● بە ئاژاوە دەورە دراوە**

رەفتارەکانی ئەمڕۆی ئێران وەك پێشتری زیاتر هەڕەشەن، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە نییەتی ئێران بۆ رووبەڕووبوونەوەی رکابەرەکانی و چاندنی تۆوی پاشاگەردانی لە پێشان زیاتر بووە، بەڵکو هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە ماوەی دەیە و نیوی رابردوو هاتۆتە ئاراوە. با سەیری سیستمی عەرەبی بکەین، کە واشنتۆن بە درێژایی دەیەکانی رابردوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیقلیمی و سنووردارکردنی بوارەکە بۆ مانۆڕی ئێرانی پشتی پێ بەستبوو. لەگەڵ دەستپێکی هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق لە ٢٠٠٣ کۆمەڵێك رووداو روویانداوە، لەبەریەك هەڵوەشان لە جیهانی عەرەبی گەیشتە ئەو پەڕی، کاتێك راپەڕینە جەماوەرییەکان حوکمڕانەکانیان رووخاند، دامەزراوەکانی دەوڵەت تێکشکان، هەڵکشانی فیتنەی مەزهەبگەرایی کە لە هەندێك حاڵەتدا

**ئەوەی دەبێتە چوارچێوە بۆ جیاکردنەوەی تێڕوانینی ئێرانی ئێستا، بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی پەهلەوی-یش، کە بە درێژایی پێنج دەیەی پێش شۆڕشی ئیسلامی، حوکمڕانیی ئێرانیان کردووە. محەمەد رەزا پەهلەوی کە دوایین شای ئێران بووە، تێڕوانینی بەو جۆرە بووە کە هەژموونی باڵادەستیی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە توانای ئەتۆمی و باڵادەستیی سەربازی و کۆنترۆڵی تەواوی کەنداوی فارس دیتەدی.**



**باشترین کەموکورتی لە سیاسەتی ئەمریکا زۆر باش لە ساڵی رابردوو لەمیانەی ریفراندۆمی کوردی عێراق بۆ سەربەخۆیی دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی واشنتۆن داوای لە کورد دەکرد ئەو دەنگدانە مەکەن، بەڵام نەیتوانی رایانبگرێت، پاش ئەوەی دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، رۆڵێکی زۆر کەمی لە ئیدارەدانی ئەو تەنگژەیە گێڕا و تەنیا نەیهێشت رووبەڕووبوونەوە لە نێوان هەولێر و بەغدا رووبدات**

**ئەمریکا نەیتوانی پابەند بێت بە پرانسیپی هاوپەیمانیی عەرەبی، تەنانەت نەیتوانی هاوکاریی عەرەبستانی سعودیە بکات کە لە هاندانی رای گشتیی عەرەبی سوننە دژی دەستێوەردانی ئێران لە سووریا و تەواوی جیهانی عەرەبی زۆر سەرکەوتوو بوو**

**دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بەوجۆرە وەسفی ئێران کردووە کە «دەوڵەتی سەرەکییە لە جیهاندا کە سپۆنسەری تیرۆریزم دەکات و دیدگایەکی شەڕانگێزی بۆ ئاینندە هەیە.»**

شێوەی شەڕێکی ناوخۆیی تەواوی وەرگرتووە، بە چەندین شێواز ناسەقامگیری بۆتە هۆکاری ئەوەی رێژەی هێز و نفووزی لە سەرتاسەری ناوچەکە زیاتر بچەسپێت، لەبەرامبەر زۆر ناوەندی دیکە کە هێزی لاواز بوون، بەمەش تاران گەورەتر لە پێشوو دەرکەوتووە. ئێران لە عێراقدا لە میانەی هێزە سیاسییەکانی کوردو شیعە، هاوپەیمانی دروستکردووەو حکومەت پێکدەهێنێت، ناکۆکییەکان چارەسەر دەکات و بڕیار لە سیاسەتیش دەدات، سەرەنجام عێراق بە قووڵی کەوتە ژێر کاریگەریی نفووزی ئێرانەوە، وەك لە وڵاتانی دیکە بە ئەمریکاشەوە. ئێران لە سووریا توانیویەتی چەکدارانی حزبوڵڵا تێکەڵی خۆبەخشە شیعەکان بکات، بۆ ئەوەی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزێکی سەربازیی چالاك دروست بکات و، توانیویەتی ئەم هێزە بۆ هێرشکردنە سەر ئۆپۆزیسیۆنیش بەکار بهێنێت، کاتێکیش ئەسەد گەیشتە ئەوەی باڵادەست بێت لە شەڕی ناوخۆدا، کاریگەری ئێران لە دیمەشقدا زیاتر بوو، لە یەمەنیش بە وەبەرهێنانێکی زۆر کەم، ئێران توانیویەتی سعودیە و هاوپەیمانەکانی نوقمی شەڕێکی تێچووی گەورە بکات، بەمەش رێگەی لەوە گرتووە سعودیە ئەو پارەیە بۆ عێراق و سووریا تەرخان بکات.

بەڵام ناسەقامگیری دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەڕەشەی تازە بۆ ئێران دروست بکات، لە ئێستادا رای گشتیی عەرەبی زۆر بە توندی رەخنە لە پشتگیریی ئێران بۆ رژێمی ئەسەد دەگرن. بەپێی راپرسییەکی دامەزراوەی زوگبی کە لە ٢٠١٢ ئەنجامدراوە، هەر راستەوخۆ دوای ئەوەی ئێران دەستێوەردانی لە کێشە ناوخۆییەکانی سووریا کرد، ئاستی پەسەندکردنی ئەو دەوڵەتە لە جیهانی عەرەبی بۆ ٢٥٪ هاتەخوارەوە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتبووە ٧٥٪، لەبەرامبەردا پشتگیری بۆ داعش رووی لە هەڵکشان کرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی داعش دژی شیعە و ئێران بوو، هەروەها بووە هۆی لەدایکبوونی مقاوەمەیەکی سوننی دژی نفووزی ئێرانی. بەڵام لە چاوی ئێراندا چارەنووسی داعش چالاکییەکی بەرەی بەرگری لە پێشەوە بوو، واتە لە دەرەوەی سنوورەکانی بووە.

هەربۆیە بەبێ بوونی هێزی ئێرانی و تۆڕی هێزە وەکیلەکانی لە سووریا و عێراق، داعش زۆر بە خێرایی راماڵینی بەرەو دیمەشق و بەغدا و هەولێر (پایتەختی کوردستانی عێراق) دەستپێکردبوو، پێش ئەوەی بگاتە سەر سنوورەکانی ئێران.

وێڕای ئەوەی رکابەرەکانی ئێران بەو جۆرە سەیری ستراتیژیەتی پشتگیریی گرووپە سەربازییە غەیرەدەوڵەتییەکان دەکەن، وەك هەوڵێك بۆ هەناردەکردنی شۆڕش، بەڵام هەر حیسابێك لەسەر ئەمە بکرێت، زۆر تەقلیدی دەبێت، لەبەر ئەوەی چەند مەترسیی زیاتری لە جیهانی عەرەبی ببێت، ئێران سوورتر دەبێت لەسەر ئەوەی لەو ناوچانە بمێنێتەوە.

سیاقی تازەی ئیقلیمی مەترسیی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانە عەرەبەکانی زیاتر کردووە، بەڵام لێرەدا دیسان سەرکردەکانی ئێران هەست بەوە دەکەن کە ئەوان باڵادەستترن، ئێران لە شەڕی دژی داعش بەهێزتر لە پێشوو هاتەدەرەوە، فەیلەقی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی مەشق و راهێنانیان بەو شیعانەی عێراق کردووە کە رووبەڕووی داعش دەبوونەوە، خۆبەخشە شیعەکان کە لە دوورەوە هێنراون بۆ ئەفغانستان و بۆ شەڕی سووریا، هەروەها هێزەکانی حوسی کە هاوشان لەگەڵ ئەوەی شەڕی دژی هێزەکانی سەر بە سعودیە دەکەن لە یەمەن، ئەم گرووپە شیعەیانە هێزێکن کە گاڵتەیان پێ ناکرێت. دوای ئەوەی شەڕەکە تەواو بوو، بەردەوام دەبن لە دووبارە پێکهێنانەوەی وڵاتەکانی خۆیان و کاتێك تیکەڵی سیاسەتی ناوخۆ دەبن، زیاتر نفووزی ئێرانی لە وڵاتانی عەرەبی دەچەسپێت، سەرەنجامیش دەوڵەتانی عەرەبی سوننە ناتوانن چیتر بە تەنیا ئیدارەی ناوچەکە بکەن.

لە ماوەی ساڵی رابردوودا تەنگژەی ئێران لەگەڵ سعودیە رووی لە هەڵکشان کردووە. ئیدارەی ترەمپ شیری خۆی لە دژی ئێران هەڵکێشاوە، هەروەها ئیدارەکەشی سەفەری لە چەندین دەوڵەت کە زۆرینەیان موسڵمانن لەناویاندا ئێران قەدەغە کردووە، ئەمەش زەمینەی بۆ کاردانەوەیەکی ناسیۆنالیستی



**بەپێی ڕاپۆرتێکی ئامۆژگای ستۆکهۆڵم بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی لە ٢٠١٦دا، ئێران ٣٪ی کۆی داهاتی ناوخۆی (GDP) بۆ سوپاکەی خەرج کردووە، ئەمەش کەمترە لەو ڕێژەی سعودیە کە ١٠٪، ئیسرائیل ٦٪، عێراق ٥٪ و ئوردن ٤٪ـە، بەمەش ئێران لەرووی خەرجی سەربازییەوە لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی هەشتەم دێت، هەربۆیە خەرجی سەربازیی ئێران لەو دواییە بەم شێوەیە بووە. هەر بۆ نموونە سعودیە ٦٣,٧ ملیار دۆلاری لە ساڵی ٢٠١٦ لە بەرگری خەرجکردووە، ئەمەش واتە پێنج هێندەی ئێرانە کە ١٢,٧ ملیار دۆلاری خەرجکردوو.**

خۆش کرد. سەبارەت بە تەحەددییەکان بەرامبەر ئەمریکا، نیگەرانییەك هەیە کە لەو هەڕەشانەی دووبارە تازەکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیەوە سەرچاوە دەگرن. تەنگژەکانی نێوان ئێران و سعودیە لەدوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە ٢٠١٥ بەرەو هەڵکشانی زیاتر چووە، بەڵام لەو کاتەوە کە ئیدارەی ترەمپ دەست بەکاربووە، وەرچەرخانێکی ڕەشبینانەی بەخۆیەوە بینیوە. محەمەد بن سەلمان جێنشینی سعودیە کە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگریشە، هۆشداری ئەوەی داوە کە «شەڕەکان کاتێك کاریگەرییان لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، کە لەناو ئێراندا تەواو بن.»

هەروەها ئێران بەدەر نییە لەو جۆرە هێرشە تیرۆریستییانەی کە لە پایتەختەکانی عەرەبی و رۆژئاوا ئەنجام دەدرێن. لە حوزەیرانی ٢٠١٧ چەکدارانی ڕێکخراوی داعش و خۆکوژەکانیان هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی پەرلەمانی ئێران و مەزاری ئایەتوڵا خومەینی کە یەکەمین ڕێبەری باڵای ئێران بووە، لە ئەنجامدا ١٨ کەس کوژران، هەربۆیە هەستکردن بەم مەترسییانە لەناو وڵاتدا بۆتە هۆکاری ئەوەی زۆربەی ئێرانییەکان لۆژیکی «شەڕی بەرەی پێشەوە» پەسەند بکەن، هەر بۆیە لەماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆی سووریادا، سەرکردە ئێرانییەکان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە بەشداریی ئێران و قوربانییەکانیان بشارنەوە، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا بۆ شەهیدانیان ئاهەنگ دەگێڕن. لەماوەی خۆپیشاندانەکانیش دژی حکومەت لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ و هەتا سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠١٨، بەشێك لە خۆپیشاندەران ئەو دروشمانەیان بەرزدەکردەوە کە پرسیاریان لە تێوەگلانەکانی ئێران لە سووریا و لوبنان و فەلەستین دەکرد، هەروەها سەبارەت بە ستراتیژیەتی بەرگری لە هێڵی پێشەوە، خۆپیشاندەران ئاماژەیان بەوە دەکرد سەرچاوەیەکی گەورە بۆ کێشە دوورەکان تەرخان دەکرێت، بەڵام بۆ کێشە ناوخۆییە پێویستەکان سەرف ناکرێن. پرۆتێستەکە ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی ناسیۆنالیست بەهۆی باری ئابووریی قورسەوە هاتۆتەخوارەوە، بەڵام وێڕای ڕەخنە ئاشکراکان، ئێران ناگاتە ئەوەی لەبەریەك هەڵبوەشێت لە

**لەماوەی ساڵی رابردوودا تەنگژەی ئێران لەگەڵ سعودیە رووی لە هەڵکشان کردووە. ئیدارەی ترەمپ شیری خۆی لە دژی ئێران هەڵکێشاوە، هەروەها ئیدارەکەشی سەفەری لەچەندین دەوڵەت کە زۆرینەیان موسڵمانن لەناویاندا ئێران قەدەغە کردووە**

**ئێران لە سووریا توانیویەتی چەکدارانی حزبوڵا تێکەڵی خۆبەخشە شیعەکان بکات، بۆ ئەوەی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزێکی سەربازیی چالاک دروست بکات و، توانیویەتی ئەم هێزە بۆ هێرشکردنە سەر ئۆپۆزیسیۆنیش بەکار بهێنێت**

**ئێران لە عێراقدا لە میانەی هێزە سیاسییەکانی کوردو شیعە، هاوپەیمانی دروستکردووەو حکومەت پێکدەهێنێت، ناکۆکییەکان چارەسەر دەکات و بڕیار لە سیاسەتیش دەدات**

ژێر گوشاری فراوانخوازیی ئیمپراتۆریەتی. ئێرانیەکان بەگومانن لە تمووحی حکومەتەکەیان بۆ فراوانخوازی، بەڵام هیچ گومانیان لەسەر پێویستیی بەرگری نییە. ئەوان نیگەرانن لەو هەڕەشانەی کە توندڕۆکانی سوننە لەسەر شارە پیرۆزەکانی شیعە لە سووریا و عێراق دروستی دەکەن، لەمەش زیاتر ئەو رایەی لە ئێران دروست بووە، ئەوەیە کە حاکمەکانی ئێران بە رەخنەگرتن ناگۆڕێن، حاکمەکانی ئێرانیش زۆریان بەوجۆرە باسی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد، کە دەستێکی دەرەکی لە پشت نارەزایەتییەکانەوە هەیە، ئەوان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە بری ئەوەی پاشەکشە بکەن، پێویستە ئێران بۆ پارێزگاریکردن لە دۆستەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر دەربکەوێت.

**● لە دانوستاندنەوە بۆ رووبەڕووبوونەوە**

وەڵامدانەوەی ئیدارەی ئۆباما بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی سیستەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە بوو کە ئەمریکا لە ناسەقامگیریی ئەو ناوچەیە دووربخاتەوە کە کۆتایی نایەت. لە دابڕانێکی ئاشکرایانەی سیاسەتی پێشووی ئەمریکادا ئەوەی رەتکردەوە کە ئەمریکا دەستێوەردان لەشەڕی ناوخۆی سووریادا بکات، هەروەها ستراتیژیەتی کۆنی لغاوگیری ئێرانی تێپەڕاندو لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی رێککەوتنی لەگەڵدا کرد، ئەم رێککەوتنە جیهانی عەرەبی تووڕە کرد و بووە هۆکاری کەڵەکەبوونی کێشەکان. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو هەڕەشانەشی کەم کردووە کە بەردەوام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەمریکا هەبوون ئەمریکاش هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو خۆی لێی رزگار بکات.

سەرکەوتنی رێککەوتنی ئەتۆمی ئەو پێشنیارە بوو کە ئەمریکا دەتوانێت مەزندەی ئەوە بکاتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ ئێران هەبێت. پوختەی بۆچوونی هاوپەیمانە عەرەبەکانیش ئەوە بوو کە واشنتۆن چیدیکە بە لغاوگیرکردنی ئەو وڵاتە پابەند نابێت و هەستیان بە نیگەرانییەك کرد بەوەی کە لەوان دوور دەکەوێتەوە.

تاران رەزامەند بوو لەسەر ئەمە، کاتێك وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی سرووشتی دەکەون، ئەوە شتێکی لۆژیکییە کە ستراتیژیەتی لغاوگیری دژی ئێران بەردەوامی نابێت، هەروەها ئەو رێککەوتنی ئەتۆمییەش کە کردوویەتی، هیچ پێویستی نامێنێت، بەڵام وێڕای ئەم مەزەندانەش ئەمریکا بە شێوەیەکی ریشەیی ئاراستەی خۆی لە ناوچەکەدا نەگۆڕی. ئیدارەی ئۆباما هەوڵیدا لەمیانەی گرێدانی چەند سەفقەیەکی چەکی گەورە لەگەڵ بەحرێن و کوێت و عەمان و قەتەر و عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، تووڕەیی عەرەب دابمرکێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی لە تاران پشتگیریی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەیان دەکرد، هەستیان بە نائومێدی دەکرد، هەر بۆیە ئێران دەستبەرداری خاڵێکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی ببینێت کە بۆشایی سەربازی لەگەڵ رکابەرە هەرێمییەکانی فراوانە. لە ٢٠١٥ عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانی بۆ یەکەمین جار ئامادەباشیی خۆیان بۆ بەکارهێنانی باڵادەستیی سەربازی خستەڕوو کە کاریگەرییەکی کاولکارانەی هەبوو لە یەمەن، ئەمە ئاماژەیەك بوو، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە لە ئێران کەمتر نین، بەڵام تاران بە رێگەی دووهێندەکردنی پرۆگرامە رۆکێتییەکەی وەڵامی دانەوە.

ئیدارەی ترەمپ ئاراستەی رێککەوتنی ئەتۆمی پێچەوانە کردەوە و وەرچەرخایەوە بۆ سیستمی کۆنی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە عەرەبەکانی، بەتایبەتی لەگەڵ سعودیە، بەو حیسابەی هاوپەیمانی لەگەڵ سعودیە بناخەی ئەو سیستمەیە. لەوانەیە رێککەوتنەکە کێشەی تێ بکەوێت، بەڵام ئەو کرانەوەیەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا دادەخات، گەڕانەوە بۆ لغاوگیرکردن کارێکی قورس دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوو بلۆکی گرنگ بوونیان نەماوە، کە ئەوانیش (سووریا و عێراق) بوون، ئێستا لاواز و لەبەریەك هەڵوەشاون و ناتوانن خاکەکەی خۆیان بپارێزن، ئەو حکومەتەشی حوکمڕانیی ئەو دووڵاتە دەکات، لە ئێران نزیکن، تا هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەمریکا. ئەو دوو وڵاتە بەشی هەرە زۆری وڵاتی شام دەگرێتەوە، لە چەندین دەیەی رابردوو بە زۆر سیستەمێك بەسەر تائیفە و هۆز و ئیتنییە رکابەرەکاندا سەپێندراوە. لە شەڕی یەکەمی جیهانەوە هاوشان لەگەڵ میسر و سعودیە، پایەکانی سیستمی عەرەبی بوون، لەدوای ساڵی ١٩٥٨ بەشێوەیەکی تایبەتی وایکرد، عێراق وەك بەربەستێك بووە دژی نفووزی

ئێرانی و مەترسییەکان لەلایەن ئێرانەوە. سەرەنجام هەڵوێستی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەنگدانەوەی پاشکەشەی فراوانی ئەمریکا لە سەرکردایەتی جیهان بوو. ئەمریکا ئەو توانایەی نییە ئەو دەستکەوتانەی ئێران بەدەستی هێناون، بیانگێڕێتەوەو ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە دوای کشانەوەی خۆی بەجێی هێشتووە. باشترین کەموکورتی لە سیاسەتی ئەمریکا زۆر باش لە ساڵی رابردوو لەمیانەی ریفراندۆمی کوردی عێراق بۆ سەربەخۆیی دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی واشنتۆن داوای لە کورد دەکرد ئەو دەنگدانە مەکەن، بەڵام نەیتوانی رایانبگرێت، پاش ئەوەی دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، رۆڵێکی زۆر کەمی لە ئیدارەدانی ئەو تەنگژەیە گێڕا و تەنیا نەیهێشت رووبەڕووبوونەوە لەنێوان هەولێر و بەغدا رووبدات، هەروەها ئەمریکا نەیتوانی پابەند بێت بە پرانسیپی هاوپەیمانیی عەرەبی، تەنانەت نەیتوانی هاوکاریی عەرەبستانی سعودیە بکات کە لە هاندانی رای گشتیی عەرەبی سوننە دژی دەستێوەردانی ئێران لەسووریا و تەواوی جیهانی عەرەبی زۆر سەرکەوتوو بوو، هەروەها لەماوەی ساڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٦ هاوشان لەگەڵ قەتەر و تورکیا، سعودیە توانی بە ریگەی پشتگیریکردنی گرووپە جیاوازەکانی دژی ئەسەد، ئێران و وەکیلەکانی بخاتە پێگەی پاشەکشەپێکردنەوە، بەڵام دیسان ئەم هەوڵانەی سعودیە هیچ ئاکامێکیان نەبوو، بۆیە سعودیە لەگەڵ قەتەر و تورکیا کەوتە کێشمەکێش و رژێمی ئەسەدیش لەو موعارەزەیە رزگاری بوو کە سوننە سەرکردایەتی دەکرد، لە یەمەنیش حوسییەکان پێگەی خۆیان قایم کرد لەبەرامبەر ئەو هێزە سەربازییە گەورەیەی هاوپەیمانان کە سعودیە سەرکردایەتی دەکرد.

ئێران هەتا ئێستا هەست بە نیگەرانی دەکات لەهەمبەر ئەو جەختکردنەوە تازانەی سعودیە، شازادە محەمەد درێژە بە شەڕی یەمەن دەدات و قەتەریشی گۆشەگیر کردووە، هەورەها هەوڵیدا هەتا سەرۆك وەزیرانی لوبنان سەعد حەریری بە بەهێزی پڕچەك بكات و لە نۆڤمبەری رابردوو دەستی پێ لەکارکێشایەوە، کۆتایی بە رەوتی ئەوانەی پێش خۆی هێنا، ئامادەباشی خۆیشی پیشاندا بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی بگێڕێت و



**وەڵامدانەوەی ئیدارەی ئۆباما بۆ لەبەریەک هەڵوەشانی سیستەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە بوو کە ئەمریکا لە ناسەقامگیریی ئەو ناوچەیە دووربخاتەوە کە کۆتایی نایەت. لەدابڕانێکی ئاشکرایانەی سیاسەتی پێشووی ئەمریکادا ئەوەی رەتکردەوە کە ئەمریکا دەستێوەردان لە شەڕی ناوخۆی سووریادا بکات، هەروەها ستراتیژیەتی کۆنی لغاوگیری ئێرانی تێپەڕاندو لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی رێککەوتنی لەگەڵدا کرد، ئەم رێککەوتنە جیهانی عەرەبی تووڕە کرد و بووە هۆکاری کەڵەکەبوونی کێشەکان.**

**ئێران لەساڵی ٢٠٠٣وە هەوڵیداوە هەستی سەربەخۆیی کورد لە عێراق و سووریا بچەسپێنێت، تەنگژەی نێوان شیعە و سوننەشی لەناوچەکەدا زیاد کردووە، بۆ چەسپاندنی ئەو مەزندەیەی کە جیهانی عەرەبی هەڕەشە لە ئاسایشی ئێران دەکات**

**داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ئەوەی پیشاندان کە تەنیا دوای داگیرکردنە، میلیشیاکانی شیعە و یاخیبووانی سوننە بە تەواوەتی ئەو کارە دەکەن کە ئێران ئامانجیەتی، ئەمەش ئەمریکای گەیاندە ئەو قەناعەتەی بڕیاری کشانەوە بدات**

**هێزەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا مەترسییەکی ئاشکرایان لەسەر ئێستای ئێران دروست کردووە، داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بەسەدان هەزار سەربازی ئەمریکی لەسەر سنوورەکانی ئێران جێگیر کردووە**

کاریگەریشی لەسەر سیاسەتمەدارەکانی شیعەی عێراق و لەناویاندا موقتەدا سەدر دروست کرد.

لەگەڵ ئەمەشدا سعودیە بە ساتێکی سەختدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر ئەم سیاسەتە هێرشبەرانەی. شازادەی جێنشین دەبێت ئیدارەی خەلافەتێکی قورس لە باوکی شا سەلمانەوە بگرێتە دەست و بە سەرکەوتوویی پرۆگرامی ریفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕێوە بەرێت، لەهەمان کاتیشدا رووبەڕووی ئێران ببێتەوە، ئێرانیش هەست بەو گۆشەگیرییە ناکات وەك ئەوەی واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت. مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو سعودیە سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەکی دەوڵەتانی عەرەبی کرد بۆ سەپاندنی گەمارۆی دیپلۆماتی و ئابووری لەسەر قەتەر، ئەمەش وەك سزادانێك بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و پشتگیریی رێکخراوە ئیسلامییە سوننەکان و لەوانە ئیخوان موسلمین، بەڵام ئەم هەوڵانەش بۆ گۆشەگیرکردنی قەتەر تەنیا بووە هۆکاری ئەوەی قەتەر زیاتر لە ئێران نزیکتر ببێتەوە و لەسەر کەنارەکانی باشووری کەنداوی فارسی شەڕێکی پێشکەشی تاران کرد.

هەروەها سعودیە ناچار بوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاش تێك بدات. ئاك پارتی حزبی فەرمانڕەوای ئەنکەرا پەیوەندی بە ئیخوان موسلمینەوە هەیە، ئەو وڵاتەش تموحی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی جیهانی سوننە بکات. تێڕوانینی ئەمریکا و سعودیە بۆ سیستمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەنگدانەوەی بایەخ و تموحەکانی تورکیا نییە، هەموو ئەمانەش هەنگاوەکانی تورکیای بەرەو میحوەری ئێران و رووسیا خێراتر کردووە. رەجەب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا رێگەی خۆی لە نێوان ئەو کێشانەی لەگەڵ ئێران و رووسیا دۆزیوەتەوە بۆ دامەزراندنی شەراکەتێك لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی رۆڵی هەبێت لە پێکهێنانی ئەو رووداوانەی لە سووریا روودەدەن.

ئەم میحورە تازەیە کە بە تەواوی لە نۆڤمبەری ٢٠١٧ خۆی خستەڕوو، کاتێك بوو کە ئەردۆگان چووە پاڵ فلادیمیر پۆتینی سەرۆکی رووسیا و حەسەن رۆحانی سەرۆکی ئێران، هەتا لە کۆبوونەوەی سوچی بڕیار لەسەر چارەنووسی سووریا بدەن.

هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە سیاقی هاتنەناوەوەی رووسیا بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدات، کە ئاشکرایە ئەو هاتنەناوەوەی رووسیاش بە شێوەیەکی جددی لە ساڵی ٢٠١٥دا دەستی پێکرد، ئەویش کاتێك رووسیا بۆ بەرژەوەندیی رژێمی ئەسەد دەستێوەردانی لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا کرد. بەرپرسەکانی ئیدارەی ئەمریکا بەردەوام بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆیان لە سووریادا بە کەم گرتووە و ئەو بیرۆکەیەیان رەتکردۆتەوە کە رووسیا دەستڕۆیشتوویی بەدەست دەهێنێت بە درێژکردنەوەی کاریگەرییەکەی بۆ ناوچەکە. بەڵام ئەوەتا رووسیا بۆتە لایەنێکی سەرەکی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سووریا، لە دەرەوەی سووریاش پەرەی بە رۆڵی خۆی داوە، بە چەشنێك بۆتە تاکە هێزێکی ناوبژیوان کە هەموو کاراکتەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن.

رووسیا بەبێ ئێران نەیدەتوانی ئەم دەستکەوتانە بەدەست بهێنێت. بوونی هێزی پیادەی ئێران سەرکەوتنی رووسیای لە سووریادا مسۆگەر کرد. هەروەها رووسیا و ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا زۆر لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ یەکتردا کرد لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست، ئەم دوو وڵاتە وەك دوو هێزی مەزن لە خۆیان دەڕوانن کە لە پێگەیەکی جیاوازدان لەگەڵ هاوپەیمانێتییەکانی ئەمریکا کە بۆ ئیحتواکردنی ئەوان بنیادنراون.

رووسیا لە بەها و نرخی ئێران بۆ تموحە بەرفراوانەکانی خۆی تێدەگات. چونکە ئێران پێگە و هەڵکەوتەیەکی گرنگی جوگرافی هەیە و وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە وزە و دانیشتووانێکی ٨٠ ملیۆن کەسی هەیە و خاوەنی تۆڕێکە لە وەکیل و هاوپەیمانەکان کە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبوونەتەوە، هەموو ئەمانەش لە دەرەوەی ناوچەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکادان، کە بۆتە هۆی ئەوەی ئێران ببێتە خەڵاتێك بۆ پوتین، کە پوتینیش بەپەرۆشە بۆ پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە هەر شوێنێك کە بتوانێت. بە کارکردنیان پێکەوە

لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا، ئەوا سوپا و دەزگای هەواڵگری ئێران و رووسی پەرەیان بە پەیوەندییەکی قووڵ داوە لەگەڵ یەکتردا، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران بتوانێت لە ئایندەدا بەرگەی فشارەکانی ئەمریکا بگرێت. لەو کاتەوە کە ئەمریکا لە ساڵی پاردا خۆی بەدوورگرتووە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و گوشارێکی زیاتری لەسەر ئێران دروست کردووە، ئەوا لە تاراندا کۆدەنگییەك لەسەر پێویستیی گرێدانی پەیوەندیی بەتینتر لەگەڵ رووسیا دروست بووە.

ئێران چاوی لە زیادکردنی ئاست و ئەندازەی بازرگانییە لەگەڵ رووسیادا و دەیەوێت چەکی پێشکەوتووی لێبکرێت بۆ پارسەنگکردنەوەی خەرجییە سەربازییە هەڵکشاوەکانی ئەو بەرەیەی کە سعودیە سەرکردایەتی دەکات. تەنانەت رەنگە رێککەوتنی بەرگری لەگەڵ رووسیادا واژوو بکات، کە هاوکاری پتەوی سەربازی و هەواڵگری لە نێوان هەردوولادا لەخۆ بگرێت، لەگەڵ دەستڕاگەیشتنی رووسیا بە بنکە سەربازییەکانی ئێران، کە لە رابردوودا ئێران بەرهەڵستی ئەمەی دواییانی کردووە. لە کۆتاییدا، رەنگە سیاسەتی ئەمریکا ببێتەهۆی باشترکردنی پێگەی رووسیا بە بێ ئەوەی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێرانی لێبکەوێتەوە.

**● کاتی ئەنجامدانی گفتوگۆیە**

لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی شوێندراو بۆ هۆکارەکانی پشێویی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا گیرۆدەی هەوڵێکی بێ ئاکام و بێهوودە بۆتەوە. ئەو گریمانەیەی پێیوایە ئەمریکا و

**شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمان، دەبێت ئیدارەی خەلافەتێکی قورس لە باوکی شا سەلمانەوە بگرێتە دەست و بە سەرکەوتوویی پرۆگرامی ریفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕێوە بەرێت، لەهەمان کاتیشدا رووبەڕووی ئێران ببێتەوە، ئێرانیش هەست بەو گۆشەگیرییە ناکات وەک ئەوەی واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت. مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو سعودیە سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەکی دەوڵەتانی عەرەبی کرد بۆ سەپاندنی گەمارۆی دیپلۆماتی و ئابووری لەسەر قەتەر، ئەمەش وەک سزادانێک بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و پشتگیریی رێکخراوە ئیسلامییە سوننەکان و لەوانە ئیخوان موسلمین، بەڵام ئەم هەوڵانەش بۆ گۆشەگیرکردنی قەتەر تەنیا بووە هۆکاری ئەوەی قەتەر زیاتر لە ئێران نزیکتر ببێتەوە و لەسەر کەنارەکانی باشووری کەنداوی فارسی شەڕێکی پێشکەشی تاران کرد.**



هاوپەیمانە عەرەبەکانی دەتوانن بە خێرایی و بە بێ گرفت ئیحتیوای ئێران بکەن و بەم شێوەیەش دەتوانن سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێننەوە، گریمانەیەکی هەڵەی مەترسیدارە. لە ئێستادا، ئەمریکا ژمارەی پێویستی سەربازی نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت لەسەر پەرەسەندنەکانی عێراق، یان سووریا، چ جای ئەوەی بتوانێت ئێران سەرکوت بکات، پابەندبوونیش بە دەستەبەرکردنی سەرچاوەی سەربازی پێویستەوە بە مانای ئەوە دێت کە ترەمپ ناچار دەبێت پاشگەز ببێتەوە لە هەڵوێستی پێشووی کە رەتیکردەوە سەرکێشییەکی سەربازی پڕ لە خەرجی بگرێتەبەر. هەروەها دەستەبەرکردنی ئەو سەرچاوانەش لەسەر حیسابی پرس و کێشە بەپەلەکانی دیکە دەبێت، وەك ئیدارەدانی قەیرانی کۆریای باکوور و بەرپەرچدانەوەی چین و رووسیا. هەروەها نابێت واشنتۆن هیواکانی خۆی لەسەر هاوپەیمانە ئیقلمییەکانی هەڵچنێت، چونکە ئەوان نە توانای ئەوەیان هەیە ئێران لە جیهانی عەرەبی وەدەربنێن، نە دەشتوانن جێی دەستڕۆیشتوویی ئێران بگرنەوە، ئەگەر بیانەوێت، هەر تەنگەژەیەکی ئیقلیمیش هەڵبگیرسێت، ئەوا ئەمریکا ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات.

تەنانەت ئەگەر ئەمریکا سەرچاوەی پێویست دەستەبەر بکات بۆ ئیحتیواکردنی ئێران، ئەوا ئەمەش نابێتەهۆی هێنانەئارای سەقامگیری لە ناوچەکەدا. ئێران لایەنێکە کە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، ئەگەر بمانەوێت سیستمێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیاد بنێین کە درێژخایەن بێت. هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیش تەنیا دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران هان بدات بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆششێکی زیاتر بکات بۆ پەرەپێدانی توانای بەرگری، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی ئێران دەستێوەردانی زیاتر بکات و سەرئەنجام ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا دێتەئاراوە. ئەو کاتەش دەوڵەتە سەقامگیرەکان، وەك بەحرەین، ئەردەن، قەتەر و ئیمارات دوچاری دژواری دەبنەوە و بۆی هەیە بارودۆخی وڵاتانی وەك عێراق و لوبنانیش بە چەشنێك پشێوی و توندوتیژی باڵیان بەسەردا بکێشێت، بە چەشنی ئەو رەوشەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە لیبیا و یەمەندا هاتوونەتە ئاراوە. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە، ئەمریکا دەبێت مامەڵە لەگەڵ قەیران و تەنگژە مرۆییەکان و ئەو گرووپە تیرۆریستانەدا بکات کە جێی داعش دەگرنەوە.


لەبری ئەوەی ئەمریکا وێنای سیستمێکی ئیقلیمی بکات کە ئامانج لێی ئیحتیواکردنی ئێران بێت، ئەوا دەبێت پەرە بە دیدێك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات کە ئێران لە خۆبگرێت. پێویستە قەناعەت بە تاران بکات کە وڵاتەکەی لە رەوش و پێگەیەکی باشتردا دەبێت، ئەگەر بێتو کار لەگەڵ واشنتۆن و هاوپەیمانەکانیدا بکات، لە بری ئەوەی هیواکانی لەسەر سیستمێکی ئیقلیمی هەڵچنێت کە رووسیا پشتیوانی لێبکات. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش دەبێت ئەمریکا زیاتر پشت بە دیپلۆماسییەت ببەستێت و کەمتر هێز بەکار بهێنێت. پێویستە واشنتۆن رێگای خاوکردنەوەو هێورکردنەوەی گرژییەکان بدۆزێتەوە، لە رێی بەشدارپێکردنی راستەوخۆی ئێرانەوە، ئەویش بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە یەکلای نەکردوونەتەوە. هەروەها پێویستە هانی ئێران و سعودیە بدرێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئیقلیمییەکان، بە دەستپێکردن لە تەنگژەکانی سووریا و یەمەنەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو متمانەیەی کە سعودیە بە ئیدارەی ترەمپ هەیەتی، پێویستە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ئەو کارە بکات کە ئیدارەی ئۆباما نەیتوانی ئەنجامی بدات: واتە سەرکردایەتی هەوڵێکی دیپلۆماتی نێودەوڵەتی بکات لە پێناو ناوبژیوانیکردن بۆ دارشتنی رێککەوتنێکی ئیقلیمی کە ببێتەهۆی کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان و دروستکردنی چوارچێوەیەك بۆ ئاشتی و سەقامگیری. نابێت ئەم ئەرکە بۆ رووسیا جێ بهێڵدرێت. ئەمە ئەرکێکی سەخت و دژوار دەبێت، بەتایبەتی کە واشنتۆن هەر سەرمایەیەکی دیپلۆماتی بەفیرۆ داوە کە بەهۆی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە هاتەئاراوە. بەڵام بەدیلەکە-هەڵکشانی رووبەڕووبوونەوە- تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی پشێوییەکی قووڵتر باڵ بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکێشێت.

**گومانی تێدا نییە کە توندڕۆکان سیمای تارانیان داپۆشیوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆرێکیش سیاسەتمەداری پراگماتیک و میانڕۆیان هەیە، کە سوورن لەسەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ رۆژئاوادا بکەن، لە سیاسەتی ناوخۆشدا دووبەرە هەن، کە لە شەڕێکی توند و درێژخایەندان**

**جیمیس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا بەو جۆرە وەسفی ئێرانی کردووە کە «ئێران تەنیا هەڕەشەی بەردەوامە لەسەر ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.» هەروەها وەزیری دەرەوەی سعودیە عادل جوبێر بەوە ئێرانی تۆمەتبار کردووە کە «گەیشتۆتە ئەو ئاستەی زیاتر بارودۆخەکە بشێوێنێت.»**

**لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆی سووریادا، سەرکردە ئێرانییەکان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە بەشداریی ئێران و قوربانییەکانیان بشارنەوە، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا بۆ شەهیدانیان ئاهەنگ دەگێڕن**



# دووەم شەڕی سارد



ریچارد هاس

■

له سایتی «پرۆجێکت سیندیکەیت»دا بڵاوکراوەتەوە.

((چارەکە سەدەیەك دوایی کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئێمە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆمان لە نێو دووەم شەڕی ساردا دەبینینەوە، ئەم شەڕەش لەلایەکەوە جیاوازە و لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە پێی ئاشناین. لە ئێستادا چیتر رووسیا هێزێکی باڵا- سوپەر پاوەر- نییە، بەڵام وڵاتێکە کە دانیشتووانێکی ١٤٥ ملیۆن کەسی هەیە و ئابوورییەکەشی بەندە بە نرخی نەوت و غازەوە و هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیشی نییە کە پێشکەشی جیهانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێکە لەو دوو دەوڵەتە گەورەیەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئامادەیی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و وزەی وڵاتەکەی و تواناکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ پشتیوانیکردن لە دۆستەکانی و لاوازکردنی دراوسێ و رکابەرەکانی هەیە.))

شەڕی سارد چوار دەیەی خایاند، کە لە زۆر رووەوە ئەو شەڕەش لە بەرلین دەستی پێکرد و هەر لەوێشدا کۆتایی هات. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەو شەڕە هەر بە ساردی مایەوە- لە بەشێکی زۆریشدا بەهۆی بوونی چەکی ناوکییەوە بوو، حاڵەتێکیشی هێنایەئاراوە کە لە رکابەرییەکانی پێشووی نێوان هێزە مەزنەکاندا بوونی نەبوو- و لەو شەڕەشدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپا و ئاسیادا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەهۆی هەوڵ و کۆششە سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییەکانیانەوە کە یەکێتی سۆڤیەت نەیتوانی لە کۆتاییدا پێ بە پێی ئەو هەوڵانە هەنگاو هەڵبگرێت.

**ئەگەر ترەمپ لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بەردەوام بێت لە نزیکبوونەوە لە رووسیا، ئەوا پێویستە کۆنگرێس دەزگاکانی راگەیاندن، دامەزراوە و ئەکادیمییەکان بە ئاشکرا ئەو گەندەڵییانە بخەنەروو کە بوونەتە خەسڵەتی حوکمڕانیی پوتین**

چارەکە سەدەیەك دوایی کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئێمە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆمان لە نێو دووەم شەڕی سارددا دەبینینەوە، ئەم شەڕەش لەلایەکەوە جیاوازە و لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە پێی ئاشناین. لە ئێستادا چیتر رووسیا هێزێکی باڵا- سوپەر پاوەر- نییە، بەڵام وڵاتێکە کە دانیشتووانێکی ١٤٥ ملیۆن کەسی هەیە و ئابوورییەکەشی بەندە بە نرخی نەوت و غازەوە و هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیشی نییە کە پێشکەشی جیهانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێکە لەو دوو دەوڵەتە گەورەیەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئامادەیی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و وزەی وڵاتەکەی و تواناکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ پشتیوانیکردن لە دۆستەکانی و لاوازکردنی دراوسێ و رکابەرەکانی هەیە.

**حکومەتی ئەمریکا پێویستە گوزارشت لە هەڵوێستی خۆی بکات و رەخنە لە رژێمی رووسیا بگرێت لەسەر گرتنی بەرهەڵستکاران و ئەو هەواڵانەی باس لە گرتنی رۆژنامەنووسان دەکەن**

هاتنەئارای ئەم بارودۆخە بە هیچ شێوەیەك شتێکی حەتمی نەبوو. پێشبینی دەکرا کۆتاییهاتنی شەڕی سارد سەرەتای رۆژگارێکی نوێ بێت کە پەیوەندی دۆستانە لە نێوان رووسیا و ئەمریکا و ئەورووپادا دروست بێت. بیروباوەڕێکی بەربڵاو لەئارادا بوو کە رووسیای دوای رووخانی کۆمۆنیستی تەرکیز لەسەر پەرەپێدانی ئابووری و سیاسی دەکاتەوە. تەنانەت پەیوەندییەکانیش بە سەرەتایەکی باش دەستیان پێکرد، ئەویش کاتێك رووسیا، لەبری ئەوەی پشتیوانی عێراق بکات- کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پاڵپشتی لێدەکرد- هاوکاری ئەمریکای کرد بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدام حوسێنەوە.

بەڵام بوونی ئەم نییەت باشییە درێژەی نەکێشا. پرسیاری ئەوەش کە بۆچی درێژەی نەکێشا؟ دەبێتە بابەتی مشتومڕی نێوان مێژوونوسان بۆ دەیەکانی داهاتوو. هەندێ لە چاودێران ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی سەرۆکەکانی ئەمریکا، ئاماژە بە دەستەبەرنەکردنی پشتیوانیی ئابووری بۆ رووسیا دەکەن، کە لە دۆخێکی ناهەمواردا بوو، تەنانەت باس لە بەرفراوانکردنی ناتۆش دەکەن وەك هۆکارێك، چونکە کاتێك بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ رووسیادا کرد، وەك ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە رکابەر، ئەوا ئەمە دەرفەتەکانی بوونی رووسیای بە رکابەر زیاتر کرد، ئەوەش راستە کە ئەمریکا دەیتوانی و پێویست بوو سەخاوەتمەندتر بێت، کاتێك لە ساڵانی نەوەتەکاندا رووسیا بە قۆناغێکی راگوزەری سەختدا بەرەو ئابووریی بازاڕ هەنگاوی هەڵدەگرت. هەروەها ئەوەش روون نییە کە ئایا بەرفراوانکردنی ناتۆ باشتر بوو لە رێکارە ئەمنییەکانی دیکە بۆ ئەورووپا کە دەکرا رووسیاشی لەخۆ بگرتایە. بە رەچاوکردنی هەموو ئەوەی کە وترا، ئەوا پشکی شێری بەرپرسیارێتی هەڵگیرسانی دووەم شەڕی سارد دەکەوێتە ئەستۆی رووسیا، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڤلادمیر پوتین.

لەم ساڵانەی دواییدا رووسیا هێزی چەکداری بەکار هێناوە بۆ دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردن و کردنی کریمیا بە بەشێك لە خاکی خۆی، لەم پرۆسەیەشدا پرەنسیپە بنەڕەتییەکەی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە، کە پەیوەستە بەوەی نابێت سنوورەکان لە رێی بەکارهێنانی هێزی چەکدارییەوە بگۆڕدرێن. هەروەها پوتین بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی، یان ئامرازی نهێنی بۆ ناسەقامگیرکردنی دۆخی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و جۆرجیا و چەند بەشێکی بەلقان. هەروەها رووسیا بە شێوەیەکی دڕەقانە هێزی سەربازی لە سووریا بەکارهێناوە بۆ پشتیوانیکردن لە رژێمە قێزەونەکەی بەشار ئەل ئەسەد.

بە هەمان شێوە رووسیا لە سایەی دەسەڵاتی پوتیندا هەنگاوی دوورتری هەڵگرت -و بە

گوزارشتی راوێژکاری تایبەتی ئەمریکا رۆبەرت مولەر- بۆ جێبەجێکردنی «کارە ساختەکارییەکان بە ئامانجی دەستتێوەردان لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن لە ئەمریکادا، لە نێویاندا هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ساڵی ٢٠١٦.» هەروەها بەرپرسەکانی ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا بە روونی باسیان لەوە کردووە کە ئەوان پێشبینی کاری زیاتری لەم چەشنە دەکەن، لە ئێستاوە تاوەکو هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرێس لە مانگی تشرینی دووەمی داهاتوو.

لە کاتێکدا کە رووسیا بۆتە هێزێك کە دەیەوێت بارودۆخی هەنوکە بگۆڕێت، ئەوا نیگەرانییەکی کەم- یان هیچ نیگەرانییەکی نییە- لەبارەی گۆڕینی بارودۆخەکەوە لە رێی گرتنەبەری هەر ئامرازێکەوە کە بە پێویستی بزانێت، لەبەر ئەوە پتەوکردنی توانای بەرگریی ئەورووپا و دەستەبەرکردنی چەکی کوشندە بۆ ئۆکرانیا کاردانەوەیەکی گونجاوە. بەڵام پێویستە ئەمریکا کاری زیاتر ئەنجام بدات بەدەر لە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی ئامێری دەنگدان و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە رێگری دەکات لە حکومەتە دەرەکییەکان، تاوەکو نەتوانن کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەمریکا هەبێت.

دەبێت ئەمریکا ئەو راستییە لەبەرچاو بگرێت کە ئەو بەرگریکردنە بەس نییە. کۆنگرێس کارێکی راست و دروست دەکات کە داوای سەپاندنی سزای زیاتر دەکات، هەروەها دۆناڵد ترەمپ هەڵەیە کاتێك جێبەجێکردنی ئەو سزایانە رەتدەکاتەوە کە کۆنگرێس دەنگی لەسەر داون. هەروەها حکومەتی ئەمریکا پێویستە گوزارشت لە هەڵوێستی خۆی بکات و رەخنە لە رژێمی رووسیا بگرێت لەسەر گرتنی بەرهەڵستکاران و ئەو هەواڵانەی باس لە گرتنی رۆژنامەنووسان دەکەن. ئەگەر ترەمپ، لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بەردەوام بێت لە نزیکبوونەوە لە رووسیا، ئەوا پێویستە کۆنگرێس، دەزگاکانی راگەیاندن، دامەزراوە و ئەکادیمییەکان بە ئاشکرا ئەو گەندەڵییانە بخەنەڕوو کە بوونەتە خەسڵەتی حوکمڕانیی پوتین. رەنگە بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە ببێتەهۆی زیادبوونی بەرهەڵستی ناوخۆیی بۆ پوتین و قەناعەتی پێ بکات لەسەر دەست هەڵگرتن لە دەستتێوەردان لە سیاسەتی ئەمریکا و ئەورووپا و بە تێپەڕبوونی کات، ئەمە دەبێتە بەهێزکردنی هێزە بەرپرسیارەکان لە نێو رووسیادا.

لە هەمان کاتدا، پێویستە ئامانجەکە کۆتاییهێنان نەبێت بەو پەیوەندییە کەمەی لە نێوان ئەمریکا و رووسیادا ماوەتەوە، کە لە ئێستادا زۆر خراپترە بە بەراورد بە زۆربەی رۆژگاری یەکەم شەڕی سارد. هەر کاتێکیش کە مومکین بوو، ئەوا پێویستە هاوکاری دیپلۆماسی ئەنجام بدرێت، ئەویش بە چەشنێك بێت کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بهێنێتەدی. رەنگە رووسیا ئامادە بێت بۆ دەست هەڵگرتن لە دەستتێوەردان لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا لە بەرامبەر ئەوەی تا رادەیەك سزاکانی لەسەر سووك بکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو دڵنیاکرایەوە کە ئەو کەسانەی لە رووی ئیتنییەوە رووسین، رووبەڕووی تۆڵەکردنەوە نابنەوە. بە هەمان شێوە، کرملین هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لە هەڵکشانی سەربازی لە سووریا کە ئەم هەڵکشانەش دەبێتەهۆی زیادکردنی خەرجییە کەمەکانی لە ئاکامی دەستتێوەردانی لەو وڵاتەدا.

لە هەمان کاتدا، پشتیوانی رووسیا پێویستە بۆ قورسکردنی سزاکان لەسەر کۆریای باکوور. بە هەمان شێوە درێژەپێدانی رێکارەکانی کۆنترۆڵکردنی چەك و بەرگرتن لە پێشبڕکێی چەکی ناوکی لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتدایە. هەروەها بواری کۆبوونەوەی بەردەوامی دیپلۆماتی و ئاڵوگۆڕی کەلتووری و ئەکادیمی و سەردانی شاندی کۆنگرێس بۆ رووسیا لەئارادایە، ئەویش نەك وەك خزمەتکردنێك، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ ئەوەی ئەو راستییە روون بکرێتەوە کە زۆرێك لە ئەمریکییەکان ئامادەن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی ئاسایی لەگەڵ رووسیادا، ئەگەر هاتو رووسیا پتر رەفتارەکانی کۆنترۆڵ کرد.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرژەوەندییەکی زۆریان هەیە لەوەی کە رووسیا لە سایەی دەسەڵاتی پوتیندا زیاتر هەڵسوکەوتەکانی کۆنترۆڵ بکات، هەروەها ئەمە لە بەرژەوەندی رووسیاشدایە کە خەسڵەتێکی دیکەی هەبێت جگە لە پۆتینیزم، کاتێك پوتین دەسەڵات جێدەهێڵێت.

**رووسیا بە شێوەیەکی دڵڕەقانە هێزی سەربازی لە سووریا بەکارهێناوە بۆ پشتیوانیکردن لە رژێمە ڤێزەونەکەی بەشار ئەل ئەسەد**

**رووسیا هێزی چەکداری بەکار هێناوە بۆ دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردن و کردنی کریمیا بە بەشێک لە خاکی خۆی، لەم پرۆسەیەشدا پرەنسیپە بنەڕەتییەکەی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە**



**فوئاد حوسێن**

**ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# حکومەتی عێراق لە رووی ئەمنی و وزەشەوە پێشێلکاریی دەستووری بەرامبەر کەرکووک کردووە

# بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەبێت ئاسایش بدرێتەوە دەست پۆلیسی مەحەلی و هێزە نامۆکە ئەم شارە جێبهێڵێت

ئاشکرایە ئەو دۆخەی لە ئێستادا لە کەرکووك لەئارادایە دۆخێکی داسەپاو و سەپێندراوە و ئەوەی لەم شارەدا دەگوزەرێت لە رووی ئەمنی و مامەڵەکردنی حکومەتی عێراقی لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکانی ئەو شارەدا دژ و پێچەوانەی مادده و برگە دەستوورییە پەیوەندیدارەکانە کە دەبێت کار و کۆششی جددی بکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشی ئەو شارە و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی بۆ خەڵکەکەی. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی فوئاد حوسێن ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کرد، کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دەکرێت بزانین دوا هەوڵەکانتان بۆ ئاسایی بوونەوەی دۆخی کەرکووك بەکوێ گەیشتووە؟ ئایا تاچەند عێراق گوێبیستی داواکاری و داخوازیی نوێنەرانی کەرکووك بووە؟**

- ئاشکرایە دۆخی ئێستای کەرکووك دەرهاویشتە و دەرئەنجامی ئەو رووداوانەیە کە بەم دواییە لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا روویاندا کە حکومەتی عێراقی بە ناوی جێبەجێکردن و سەپاندنی یاساوە لە کەرکووك ئەنجامی دا، بەڵام ئەمە نەك هەر سەپاندنی یاسا نەبوو، بەڵکو پێشێلکردنی یاسا بوو، ئێستاش لە کەرکووودا بارودۆخێکی ناسرووشتی و نائاسایی هاتۆتەئاراوە، چونکە بارودۆخەکە ناسەقامگیرەو خەڵکی لە دڵەڕاوکێدا دەژین و دزی و تاڵانکردن و بگرە رفاندنیش هەیە لەو شارەدا. ئەوەتا بارەگا حزبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شارەدا داگیرکراوە، ماڵی چەندین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و چەند کەسایەتییەکی دیکە رووبەڕووی هێرش بوونەتەوە. لە دەرئەنجامدا ئێمە داوامان لە حکومەتی ئیتیحادی کرد و یاداشتمان دایە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و نوێنەرەکانیشمان لە پەرلەمان هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی دۆخی ئاسایی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکووك، کە پێویستە ئەو هێزە نامۆیەی هاتۆتە ئەم شارەوە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، چونکە راستە ئەو هێزە بە ناوی سەپاندنی یاساوە هاتووە، بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد، ئەم هێزە خۆی یاسا پێشێل دەکات و هاتنیشیان هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستووری نییە. کەواتە دەبێت ئەم هێزە لەم شارەدا نەمێنێت و بارەگاکانیش بگەڕێندرێنەوە بۆ لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵاتی ئەمنی شارەکە بدرێتەوە دەست پۆلیسی مەحەلی. دوای ئەوە من پێم سەیرە حکومەتی عێراق باس لە دەستوور دەکات، بۆ نموونە، ئەگەر باس لە ماددەی ١٤٠ دەکرێت- کە پەیوەستە بە شاری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە-، ئەوا چۆن حکومەتی عێراق رێگە بە خۆی دەدات هێز بێنێتە ئەم شارەوە، لە کاتێکدا کە هێشتا چارەنووسی ئەم ناوچانە یەکلا نەبوونەتەوە، بەڵام بۆ ئێمە رەوا نەبێت کە بچین ئیدارەیەکی هاوبەشی ئەو شارە بکەین، مەبەستم ئەوەیە چۆن رێگە دەدرێت سوپای عێراق و حەشدی شەعبی باڵادەست بێت لەو شارەدا، بەڵام رێگە نەدرێت پێشمەرگە و پۆلیس رۆڵی خۆیان ببینن. ئەمە لە کاتێکدا بە شاهێدی سەرجەم نەتەوەکانی کەرکووك کە پێشمەرگە و پۆلیس لەم شارەدا بوون ئاسایش و ئارامی پارێزراو بووەو داعش نەیدەتوانی لەم شارە نزیك ببێتەوە و کاتێکیش داعش لە ساڵی پاردا هەوڵیدا بێتە ئەم شارەوە، ئەوا هەوڵەکەیان شکستی پێ هێنراو هێرشبەرەکانیشیان، یان کوژران، یان بە دیل گیران. هەر لەبەر ئەوەشە

**حکومەتی عێراقی حەویجەی وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ شاری کەرکووک هێشتۆتەوە، ئەوەتا حکومەتی عێراق تەنیا رێگا سەرەکییەکان و ناوەندی شاری حەویجەی کۆنترۆڵ کردووە و تا ئێستا نەیتوانیوە کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر گوندە و ناوچە سەختەکانی ئەو شارەدا بسەپێنێت**

**لە کۆی ١٣ هەزارو ٦٨٩ کارمەندی کۆمپانیای نەوتی باکوور کەمتر لە ٨٪ی کوردە، ئەمە لەکاتێکدا رێژەی عەرەب لەناو ئەو کۆمپانیایە نزیکەی ٦٥٪ کە زۆربەیان عەرەبی هاوردەن، نەک عەرەبی رەسەنی شارەکە**

ئێمە ئەو یاداشتەمان بەرز کردۆتەوە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا وەڵامی نەدراوەتەوە، کە رەنگە ئەمە داواکاریی سەرجەم خەڵکی کەرکووکیش بێت و هەموو لایەنە سیاسییەکانیش پشتگیری ناوەڕۆکی ئەو یاداشتە دەکەن.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی عێراق بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کردووە لەبارەی نەوتی کەرکووکەوە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا لە دەستووری عێراقدا هەندێ مادده هەن، وەك (ماددەی ١١٢ بڕگەی أ و ب) کە زۆر بە روونی و راشکاوی باس لەوە دەکەن کە ئەو پارێزگایانەی نەوتیان هەیە، ئەوا دەبێت سیاسەت و ستراتیژیەتی نەوت بە هاوبەشی لەگەڵ ئەم پارێزگایانەدا دابڕێژدرێت، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراقی بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، بە شێوەیەکی مەرکەزییانە مامەڵەی لەگەڵ پرسی نەوتدا کردووە، کە ئەمە پێشێلکردنی دەستووره، بۆ نموونە دێت بە شێوەیەکی مەرکەزی بڕیار دەدات کە پلەی فەرمانبەرێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور بەرز بکاتەوە، یان گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەوتی بەریتانی دەکات، لەبارەی نەوتی ئەم شارەوە، بۆیە ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك- کە نوێنەری راستەقینەی خەڵکی ئەم شارەین- داوامان کردووە کە ئاگاداری ناوەڕۆکی رێککەوتن و گرێبەستەکان بین بۆ ئەوەی بزانین ئایا چەند لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کەرکووکدایە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٣دا کۆمپانیای نەوتی بەریتانی –بی پی- هاتە کەرکووك و ویستی گرێبەستێك بکات لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ نوژەنکردنەوەی هەندێ لە کێڵگە نەوتییەکانی ئەم شارە، لەو کاتەدا کە حکومەتی عێراقی زانی ئێمە ئاگاداری بڕگە و ماددە دەستوورییە پەیوەندیدارەکانین، نووسراوێکی رەسمی بۆ ناردین و داوای کرد نوێنەی خۆمان دەستنیشان بکەین، تاوەکو بەشدار بێت لە شاندی وەزارەتی نەوت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی گرێبەستەوە لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکە، بەڵام ئەوەتا ئێستا ئەوان دەستووریان پشتگوێ خستووە و نووسراوەکەی خۆشیان رەچاو نەکردووە کە کاتی خۆی بۆ ئێمەیان نارد و بە بێ گەڕانەوە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتدا دەکەن لەبارەی نەوتی ئەم شارەوە. بۆیە ئێمە وەك مافێکی دەستووریی خۆمان سکاڵا لە دژی حکومەتی ئیتیحادی تۆمار دەکەین، بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی بگیرێتەبەر لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە کە بەرامبەر بە شاری کەرکووك کراوە.

*** بەڵام جگە لەوەی کە باس لە ئەنجامدانی گرێبەست دەکرێت لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەوتی بەریتانی، ئێستا قسە و باس هەیە لەبارەی رەوانەکردنی نەوتی کەرکووکەوە بۆ ئێران، راست و دروستی ئەم مەسەلەیە چۆنە؟**

- لەچەند مانگی رابردوودا بێ ئاگاداری ئێمە لە لێژنەی نەوت و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی نەوتی ئێران رێککەوتنێکیان کردووە بۆ ئەوەی بە تانکەر نەوت رەوانەی کرماشان بکەن و لەوێ پاڵاوتنی بۆ ئەنجام بدرێت و بەرهەمەکەشی بەهەمان بڕ لە بەسرە وەربگیرێتەوە، ئەمەش بابەتێکی تەواو سیاسییە و کەمتر پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە، چونکە ناردنی نەوت بە تانکەر بەو رێگا دوور و درێژە، سلبییاتی زۆرترە، وەك تێکدانی رێگاکان و و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە و ژیانی خەڵکی. بۆیە ئێمە پێداگیری دەکەین کە دەبێت ئەو گرێبەستە بێتە نێو ئەنجومەنی پارێزگا و ئێمە تاوتوێی ئەوە بکەین کە تا چ رادەیەك ئەو گرێبەستە لە بەرژەوەندی خەڵکی شارەکەیە. مەسەلەیەکی دیکە پەیوەست بەم پرسەوە بریتییە لە پرسی پترۆدۆلار، کە لە ساڵی ٢٠١٤وە عێراق بڕی دوو ملیار دۆلار پارەی پترۆدۆلاری کەرکووك قەرزارە نەیناردووە، ئێستاش باس لە ئەنجامدانی گرێبەست دەکات بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووك. لە ئەنجامدا خەڵکی کەرکووك سوودیان لەو نەوتە وەرنەگرتووە و تەنیا پیسبوونی ژینگەیان بۆ ماوەتەوە، واتە لە بری ئەوەی نەوت ببێتە نیعمەت، بۆتە نەهامەتی بۆ ئەم شارە، تەنانەت هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای شارەکەش دراوە، بە بیانووی دروستکردنی پشتێنەی ئەمنییەوە گوندە کوردییەکانی نزیك کێڵگە نەوتییەکان تەعریب کراون. تەنانەت لە کۆی ١٣ هەزارو ٦٨٩ کارمەندی کۆمپانیای نەوتی باکوور کەمتر لە ٨٪ی کوردە، ئەمە لەکاتێکدا رێژەی

**لە بری ئەوەی نەوت ببێتە نیعمەت، بۆتە نەهامەتی بۆ ئەم شارە، تەنانەت هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای شارەکەش دراوە، بە بیانووی دروستکردنی پشتێنەی ئەمنییەوە گوندە کوردییەکانی نزیک کێڵگە نەوتییەکان تەعریب کراون**

**لە ساڵی ٢٠١٤وە عێراق بڕی دوو ملیار دۆلار پارەی پترۆدۆلاری کەرکووک قەرزارەو نەیناردووە، ئێستاش باس لە ئەنجامدانی گرێبەست دەکات بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک**

**وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی نەوتی ئێران رێککەوتنێکیان کردووە بۆ ئەوەی بە تانکەر نەوت رەوانەی کرماشان بکەن و لەوێ پاڵاوتنی بۆ ئەنجام بدرێت و بەرهەمەکەشی بەهەمان بڕ لە بەسرە وەربگیرێتەوە، ئەمەش بابەتێکی تەواو سیاسییە و کەمتر پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە**




عەرەب لەناو ئەو کۆمپانیایە نزیکەی ٦٥٪ە کە زۆربەیان عەرەبی هاوردەن، نەك عەرەبی رەسەنی شارەکە، هەرگیزیش کورد پۆستی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکووری پێ نەدراوە. کە ئەمەش ناڕەوایەتییەکەی دیکەیە بەرامبەر خەڵکی کەرکووك، کە دڵنیام ئەمەش تاسەر درێژە ناکێشێت.

*** بڕیار بوو پاڵاوگەیەکی نەوت بۆ کەرکووك دابنرێت، بۆچی ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە؟**

- لە راستیدا ئەو پاڵاوگەیەی کە ئێوە باسی دەکەن هەر ئیسیتحقاقی شاری کەرکووك بوو، بەڵام کاتی خۆی بە بڕیارێکی سیاسی گواسترایەوە و لە بێجی دروست کرا. بۆیە ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك لە ساڵی ٢٠٠٧دا داوامان کرد پاڵاوگەیەکی گەورە دروست بکرێت کە توانای پاڵاوتنی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەبێت لە رۆژێکدا، ئەوە بوو لە وەزارەتی نەوت فەرمانی بۆ دەرچوو، رووماڵی جیبۆلۆجیشی بۆ بکرا و شوێنەکەشی دەستنیشان کرا کە شوێنێکی گونجاو بوو کە نزیك پردێ بوو، بەڵام ئەوان بە مەبەستی سیاسی گواستیانەوە بۆ خوار پارێزگای کەرکووك و نزیك دوزخورماتوو، ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگا رێگریمان لەم کارە کردو شوێنێکی دیکەمان دەستنیشان کرد لە نێوان کەرکووك و دوبز وەك چارەسەرێکی مامناوەند، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دوای دەخەن، چونکە نایانەوێت پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی لە کەرکووکدا جێبەجێ بکرێت، وەك پاڵاوگەی نەوت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەرکووك لە قەیرانی نەوت و بەنزین- کە جار بە جاری دوچاری دەبێت- رزگاری بێت و هەروەها هۆکارێك دەبێت بۆ کەمکردنەوەی بێکاری.

*** دووبارە کاروکردەوە تیرۆریستییەکانی داعش لە کەرکووك و زۆربەی ناوچەکانی تری موسڵ و دیالە و سەلاحەدین دەستی پێکردۆتەوە، ئایا چەند مەترسیی ئەمنی لەسەر شاری کەرکووك هەیە؟**

- پێشتریش باس لەوە کراوە کە حکومەتی عێراقی حەویجەی وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ شاری کەرکووك هێشتۆتەوە، ئەوەتا حکومەتی عێراق تەنیا رێگا سەرەکییەکان و ناوەندی شاری حەویجەی کۆنترۆڵ کردووە و تا ئێستا نەیتوانیوە کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر گوندە و ناوچە سەختەکانی ئەو شارەدا بسەپێنێت، واتە تا ئێستا سنوورێکی زۆری حەویجە بە ناحییەکانیەوە لە داعش پاك نەکراونەتەوە، لەبەر ئەوە بەپێی سەرچاوە ئەمنییەکانی داعش لەو ناوچانەدا بوونیان هەیە و ئەمەش کاریگەرییەکی سلبی لەسەر باشووری شاری کەرکووك دروست کردووە.

**ئێمە وەک مافێکی دەستووریی خۆمان سکاڵا لە دژی حکومەتی ئیتیحادی تۆمار دەکەین، بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی بگیرێتەبەر لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە کە بەرامبەر بە شاری کەرکووک کراوە**



**تەلار فایەق**

**بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر:**

# ئەگەر هەوڵە نێودەوڵەتییەکان یەکبخرێن و بەشێوەیەکی دیکە ئاراستە بکرێن، کاریگەریی زیاتریان لەسەر کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم دەبێت

# جگە لەو زیانە گەورەیەی بە فڕۆکەخانەکەمان گەیشتووە لە ئێستادا هێڵی ئاسمانیی عێراقی ٣٧ ملیۆن دۆلار قەرزاری فڕۆکەخانەکەمانە

**دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان نزیکەی هەموو داواکارییەکانی بەغدای لە بواری فڕۆکەخانەکاندا جێبەجێ کرد، کەچی بە پێچەوانەی هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەدرا بۆ ئەوەی گەمارۆی ئاسمانی لەسەر هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێت، عەبادی بۆ سێ مانگی دیکەش فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا داخستەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی تەلار فایەق بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئاشکرایە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە هۆکاری سیاسی داخران، واتە پەیوەندی بە کاروباری تەکنیکی و بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکان و دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی مەدەنی عێراقییەوە نەبووە، لەکۆتایی هەفتەی رابردووشدا عەبادی هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە پێنج تا دە ساڵی دیکەش ئەگەر بەغدا دەسەڵاتی تەواوی لەسەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان نەبێت، ناکرێنەوە، هەربۆیە لە بڕیارێکدا بۆ سێ مانگی دیکە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی داخستەوە؛ ئایا پێتوانییە ئەمە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەیە کە دەدرێت بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکان؟**

- بێگومان بڕیارەکەی بەغدا بە درێژکردنەوەی وادەی داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ سێ مانگی دیکە ١٠٠٪ بڕیارێکی سیاسییە، هەر بۆیە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ لابردنی گەمارۆی ئاسمانی و کردنەوەی فڕۆکەخانەکان هەر بەردەوامە، بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵانە یەک بخرێن، وەك کومەڵگەی نێودەوڵەتی و بە شێوەیەکی دیکە ئاراستە بکرێن، پێموایە کاریگەرییان زیاتری دەبێت.

*** بەڵام بڕیار وابوو دوای دوو کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، هەردوولا بگەنە رێککەوتنێکی سەرەتایی، ئایا بۆچی ئەم رێککەوتنە نەبووە فاکتەرێك بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی کوردستان؟**

- پێش ئەو دوو کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ بەغدا کراو پێشتریش ئێمە سەردانی بەغدامان کردبوو، هەموو بوارەکانی فڕۆکەوانی و خاڵەکانی دیکەی وەکو خاڵە سنوورییەکان و گومرگ و پاسپۆرت، تاوتوێ کران و لە هیچ

**هەروەها دەسەڵات نابێت فڕۆکەخانەکان بۆ کاری دژە مرۆڤایەتی بەکار بهێنێت، داخستنی فڕۆکەخانە و پەکخستنی گەشتکردنیش پێشێلکاریی رێککەوتنامەی شیکاگۆیە**

**بەپێی یاساكانی رێكخراوی ICAO كە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی فڕۆكەخانەكانەوە هەیە، ناكرێت بێ بوونی هۆكاری ئەمنی و تەكنیكی راستەوخۆ بڕیاری راگرتنی گەشتەكان و داخستنی فڕۆكەخانەكان بدرێت**

**پێش داخستنی فڕۆكەخانەكە جگە لە هەڵكشانی ژمارەی گەشتیار و گەشتە ئاسمانییەكان توانیمان ببینە مینبەرێك بۆ بەستنەوەی هەرێمی كوردستان بەجیهانی دەرەوەو كارئاسانییەكی لە رادە بەدەر بۆ هاووڵاتیان و باڵیۆزەكان و بیزنسكاران و وەبەرهێنان پێشكەش كرا**

**بەم سزا توندەی بەغدا هەردوو كەرتی بازرگانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستاندا كە ژمارەیەكی یەكجار زۆری كرێكار و خەڵكی ئاسایی كارو بژێوییان لەسەر ئەم دوو كەرتەیە، دوچاری زیان و بێكاری بوون**

داواكارییەكی بەغدا لاریمان نەبوو، چونكە ئێمە پابەندی جێبەجێكردنی ئەو داواكارییانە بووین، كە جێبەجێكردنی ئاستەم نەبوو تەنانەت ٩٩٪ی داواكارییەكانیانمان پێشتر جێبەجێ كردبوو، هەر بۆیە هیچ ناكۆكییەك لەنێوانماندا نەبوو، ئەوە بوو لە كۆبوونەوەی دووەم كاتێك ئەوان هاتنەوە بۆ زیاتر قسەكردن لەسەر خاڵەكان و بابەتەكان بە پێكهێنانی پێنج لێژنە هەر لێژنەیەكیش بەپێی پسپۆڕایەتیی خۆی بە وردی چووە ناو باسكردن و گفتوگۆكردن لە سەر بابەتەكان، ئێمەش وەكو فڕۆكەخانە، هەروەها لێژنەی بەنداوەكان لە هیچ خاڵێكدا ناكۆكیمان نەبوو لەسەر داواكارییەكانیان و راپۆرتی كۆتاییمان واژوو كردو گەڕاندمانەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی و پێشنیاری ئەوەمان كرد، مادام ئێمە و لێژنەی بەنداوەكان هیچ خاڵێكی هەڵپەسێردراومان نییە، بۆیە وەكو دەستپێشخەری و نییەت پاكییەك بە سەرۆك وەزیرانی عێراق ناڵێن كەوا فڕۆكەخانەكان نەبەسترێتەوە بە ناكۆكییەكانی نێوان هەرێم و بەغداوە و كردنەوەی فڕۆكەخانەكان رابگەیەنێت، ئەوە بوو پێشنیارەكەی ئێمەیان بەدڵ بوو، بەڵێنیان پێدایەن كە بۆ سەرۆك وەزیرانی بەرز دەكەنەوە و بڕیاریشیان دا كە چەند لێژنەیەكی هونەری پێكبهێنن بۆ ئەوەی سەردانی فڕۆكەخانە بكەن و لە بوارەكانی هونەری و تەكنیكیدا كار بكەن، كەچی تا ئەمڕۆ جگە لە لێژنەی ئەمنیی بەغدا هیچ لێژنەیەك نەهاتووەو بڕیار و وادەی كردنەوەی فڕۆكەخانەكەش دیار نییە. مەسەلەی رێگەدان بە گەشتكردن بۆ عەمرەكارانیش لە دەرچوونی دوو نووسراو زیاتر كە باس لە عەمرەكاران و حەج دەكات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لە نووسراوەكەیاندا ئاماژە بەوە نادات كە گەشتەكان راستەوخۆ دەبێت، یاخود ناڕاستەوخۆ، یان بە چ هێڵێكی ئاسمانی عەمرەكاران و حەجاجەكان دەگوازرێنەوە، ئیتر نازانین مەبەستیان ئەوەیە حەجاج و عەمرەكاران لە فڕۆكەخانەی هەولێرەوە راستەوخۆ بۆ مەككە دەگوازرێنەوە، یاخود بۆ فڕۆكەخانەیەكی دیكەی عێراق و لەوێوە بگوازرێنەوە بۆ مەككە. لە كۆتایی هەفتەی رابردوودا شاندی حەج و عەمرە لە بەغدا كۆبوونەوەیەكیان هەبوو، بەڵام دیارە وردەكاری باس نەكراوە و تەنیا لیستێكیان وەرگرتووە كە باسی نرخی بلیتەكان دەكات، بێ ئاماژەپێدان بە بەرواری گەشتەكان و چۆنیەتی گەشتەكان، تەنانەت بەغدا ئاگاداری نەكردووینەتەوە كە چۆن حاجییەكان دەگوازرێنەوە، تاوەكو بتوانین بە كۆمپانیای گەشتەكان بڵێین فیزا بۆ خەڵكی وەربگرن.

*** ئایا بەردەوامبوونی عێراق لەسەر سزاكان و داخستنی فڕۆكەخانەكە چ كاریگەرییەكی لەسەر خودی فڕۆكەخانەكە دەبێت و كێ و چ لایەنێك لێی سوودمەند دەبن؟**

- پەككستنی فڕۆكەخانە و راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەكان زیانێكی زۆری ماددی گەیاندووە بە فڕۆكەخانە بە كەمبوونەوەی جموجووڵی گەشتیاری و نەهێشتنی چالاكیی كارگۆ، كە هەردووكیان داهاتی فڕۆكەخانەی پەككستووە. لە ئیستادا فڕۆكەخانە بە كاری ٢٤ كاتژمێری و مانەوەی هەموو شفتەكانی خزمەتگوزارییەكانی تەنیا بۆ هێڵی ئاسمانیی عیراقییە كە لە بەرامبەردا پارەی هیچ خەرجییەك نادات و تا ئیستا ( ٣٧ ) ملیون دۆلاری ئەمریكی قەرزاری فڕۆكەخانەی هەولێرە. مانای وایە بەردەوامبوونی كاری فڕۆكەخانە لە ئیستادا بێ بەرامبەرە و هیچ داهاتێكی نییە، لە كاتێكدا بۆ بەگەڕخستنی فڕۆكەخانە بڕی (٣.٣) ملیۆن دۆلاری ئەمریكی مانگانە پێویستە بو كاری «صیانە» و سیستمی رووناكی و نوێژەنكردنەوەی فڕگە و هەموو ئامێرە ئەمنی و تەكنیكییەكان. جگە لە مانە هەموو ئەو كۆمپانییانەی لە فڕۆكەخانە كاری جۆراوجۆر دەكەن، هەر لە هێڵە ئاسمانییەكانەوە و تا ئەوانەی سووتەمەنی فڕۆكە دابین دەكەن و خزمەتگوزاری زەمینی و خواردنگە و دیوتی فری و تەكسیی گواستنەوە هەموو زەرەرمەندن و زۆربەیان لە بەر كەمیی كاروچالاكی ژمارەی كارمەندیشیان كەم كردۆتەوە و بەم جۆرە هەلی كار كەم بۆتەوە و یاخود بڕاوە. لەلایەكی ترەوە بەهۆی ئەم بارودۆخەوە زوربەی پڕۆژە گرنگ و سەرەكییەكانی فڕۆكەخانە راگیراوە كە بە نیازبووین لە ٢٠١٨ جێبەجێی بكەین .

*** ئێستاكە بە ئاسمانی كوردستانەوە فڕۆكەیەكی زۆری نێودەوڵەتی هاتوچۆ دەكات،**

**ئایا هاتوچۆی ئەو فڕۆکانە گەمارۆی لەسەر نییە؟**

- ڕێڕەوی ئاسمانی بە هاوشێوەی ڕێڕەوی زەمینی، ڕێڕەوی خۆی هەیە کە پێی دەڵێن ڕووت؛ ئەم ڕێڕەوانە لەلایەن شارەزایانەوە دروست دەکرێت و پەیوەندی بە سەلامەتی ڕێگاکە و چۆنیەتی ڕێکخستنی گەشتە ئاسمانییەکان و نزیکی و دووری ڕێگاکانی ئاسمانەوە هەیە بۆ فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان و گەشتەکان، بەم دواییە زوربەی ئەو هێڵە ئاسمانییانەی کە هاتووچۆی نێوان وڵاتانی کەنداو و ئەوروپایان دەکرد، بۆ ڕێگەیەك دەگەڕان کە کات و سەرفکردنی سووتەمەنی کەمتر بێت و بۆ ئەم مەبەستە ئاسمانی عێراقیان هەڵبژارد، بەڵام دوای هاتنی داعش دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی فیدراڵی ئەمریکی بڕیارێکی دەرکرد بە دوورکەوتنەوە لەو ڕێڕەوە لە بەر هۆکاری ئەمنی، هەر پاش لە ناوبردنی داعش هێڵەکان وردە وردە دەستیان کردەوە بە بەکارهێنانی ئەو ڕێڕەوە. کە دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراقی هەستا بە گواستنەوەی ئەو ڕێگا ئاسمانییە بۆ دوو ڕێگای سەرەکی کە یەکێکیان لە سەر ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر تێپەڕ دەبێت، کە فڕۆکەکانی لە کەنداوی عەرەبییەوە بۆ ئەورووپا پێدا تێپەڕ دەبێت، ڕێگاکەی تریش ڕوژئاوای شاری سلێمانییە کە فڕۆکەکانی لە ئەورووپاوە بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی پێیدا تێپەڕ دەبن.

بەم شێوەیە بە بەکارهێنانی یاخود تێپەڕبوون بە ئاسمانی کوردستان پێویستە بڕە پارەیەك بۆ هەر فڕۆکەیەك بدرێت، کە لە ئێستادا هەمووی بەغدا وەری دەگرێت و کوردستانیش کە پێویستە پشکی خۆی هەبێت، لە دنیادا بۆ پەرەپێدانی فڕۆکەخانە و بەرزکردنەوەی ئاستی ستاف و کارمەندان و پێشخستنی فڕۆکەخانەکە بەکار دەهێنرێت، بەڵام جگە لەوەی بەغدا هیچ هاوکارییەکی نەکردووین، لەمەشدا ئەو بەشەی پێ نەداوین.

*** لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا باسی ئەوەتان کرد کە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەردەوامە، باشە لە کاتێکدا فڕۆکەخانەی مەدەنی پێویستە لەلایەن دەسەڵاتێکی مەدەنی و دوور لە مەرام و ئامانجی سیاسییەوە بەکار بهێنرێت، چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە دەدات ئەو گەمارۆیە بەردەوام بێت؟**

-وەکو ئاماژەم پێدا هیچ کێشەو گرفتێکی تەکنیکی لە پشت داخستنی فڕۆکەخانەکانەوە نییە و ئەم کێشەیە تەنیا سیاسییە، بەتایبەتی بۆ فڕۆکەخانەکانی هەرێم کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بوارەکانی مرۆیی و ئابووریدا بینیوە، بەتایبەتی لە گواستنەوەی گەشتیاران و نەخۆش و بریندارانی شەڕ و ئەوانەی سەردانیماڵی خوا دەکەن، لەشەڕی داعشدا بەسەدان برینداری جەنگ لە فڕۆکەخانەکەمانەوە بۆ مەبەستی چارەسەرکردن دەنێردرانە دەرەوەی وڵات و سەدان کارمەندی ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ کاروباری هاوکاریکردنی پەناهەندەکان هاتوچۆیان دەکرد، جگە لەوەی ئاسانکاریمان بۆ هاتووچۆی بزنسمان و ئەنجامدانی کۆڕ و کۆنفرانسی بازرگانی کردووە، بەداخستنی فڕۆکەخانەکە بە ڕووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا ڕێگری لە هەموو ئەم کاروبارانە کراوە، بەم سزا توندەی بەغدا هەردوو کەرتی بازرگانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کرێکار و خەڵکی ئاسایی کارو بژێوییان لەسەر ئەم دوو کەرتەیە، دوچاری زیان و بێکاری بوون، ئێمە پێش داخستنی فڕۆکەخانەکە جگە لە هەڵکشانی ژمارەی گەشتیار و گەشتە ئاسمانییەکان توانیمان ببینە مینبەرێك بۆ بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بەجیهانی دەرەوەو کارئاسانییەکی لە ڕادە بەدەر بۆ هاووڵاتیان و باڵیۆزەکان و بیزنسکاران و وەبەرهێنان پێشکەش کرا، بە ڕادەیەك لە شەڕی داعشدا بە سەدان کەس لە هاووڵاتیانی عەرەب و ناوچەکانی تری عێراق و سیاسەتمەداران لەم فڕۆکەخانەیەوە گەشتیان دەکرد. بەپێی یاساکانی ڕێکخراوی ICAO کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکانەوە هەیە، ناکرێت بێ بوونی هۆکاری ئەمنی و تەکنیکی ڕاستەوخۆ بڕیاری ڕاگرتنی گەشتەکان و داخستنی فڕۆکەخانەکان بدرێت، هەروەها دەسەڵات نابێت فڕۆکەخانەکان بۆ کاری دژە مرۆڤایەتی بەکار بهێنێت، داخستنی فڕۆکەخانە و پەکخستنی گەشتکردنیش پێشێلکاری ڕێککەوتنامەی شیکاگۆیە.

**لەشەڕی داعشدا بەسەدان برینداری جەنگ لە فڕۆکەخانەکەمانەوە بۆ مەبەستی چارەسەرکردن دەنێردرانە دەرەوەی وڵات و سەدان کارمەندی ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ کاروباری هاوکاریکردنی پەناهەندەکان هاتوچۆیان دەکرد، جگە لەوەی ئاسانکاریمان بۆ هاتووچۆی بزنسمان و ئەنجامدانی کۆڕ و کۆنفرانسی بازرگانی کردووە**

**هەموو ئەو کۆمپانییانەی لە فڕۆکەخانە کاری جۆراوجۆر دەکەن، هەر لە هێڵە ئاسمانییەکانەوە و تا ئەوانەی سووتەمەنی فڕۆکە دابین دەکەن و خزمەتگوزاری زەمینی و خواردنگە و دیوتی فری و تەکسیی گواستنەوە هەموو زەرەرمەندن و زۆربەیان لە بەر کەمیی کاروچالاکی ژمارەی کارمەندیشیان کەم کردۆتەوە**

**پەکخستنی فڕۆکەخانە و ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان زیانێکی زۆری ماددی بە فڕۆکەخانە گەیاندووە و بووەتە هۆی کەمبوونەوەی جموجووڵی گەشتیاری و نەهێشتنی چالاکیی کارگۆ، کە هەردووکیان داهاتی فڕۆکەخانەی پەکخستووە**

ئەیمی هۆڵمز

شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوەو گرتنەبەری چارەسەری سیاسی هەیە

**ئەیمی ئۆستن هۆڵمز، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە و توێژەرە لە سەنتەری وودرۆ ویلسۆن، شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك چارەسەرکردنی ناکۆکی و بنیادنانی ئاشتی، دیموکراسی و حوکمڕانی، پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش و بەرگری، کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، چەندین نووسینی هەیە لەبارەی رەوشی میسر، تورکیا، بەحرەین و «کوردستانی عێراق و سووریا». گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە سەرەکیترینیان بریتی بوو لە رەوشی ئاڵۆزی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسیدارترین پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە و بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**



*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟ ئایا ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانی و دڵەڕاوکێن کە لە ئێستادا لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێن؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرەی میسر وانە دەڵێمەوە، کەواتە من بۆ ماوەی دە ساڵە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژیم و بە شێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتی میسر، چەندین جاریش سەردانی هەولێر و تورکیام کردووە. لەبەر ئەوە من لەلایەکەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێم هەیە لەبارەی بارودۆخی میسرەوە، کە ئاشکرایە بڕیارە لەم مانگەدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە چەندین پاڵێوراو دوورخراونەتەوە و ڕێگرییان لێکراوە کە کێبڕکێی سەرۆك عەبدولفەتاح ئەل سیسی بکەن، کە لە نێو دوورخراوەکاندا سێ کەسایەتی نێو سوپای میسری هەن، هەروەها لە نێو دوورخراوەکاندا ئەحمەد شەفیق و سامی حافز عەنان هەن، کە هەردووکیان ژەنەڕاڵی پایەبەرزی نێو سوپان، کە یان دەستگیرکراون، یان ئەوەتا بە شێوەیەکی کتوپڕ بۆچوونیان گۆڕیوە و لە ململانێکە کشاونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کێشەکە لە وڵاتی میسردا ئەوەیە کە سەرۆك عەبدولفەتاح ئەل سیسی ڕێگە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە نادات. کەواتە ئەمە یەکێکە لەو پەرەسەندن و کێشانەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت، بە دڵنیاییەوە کێشەیەکی دیکە بریتیە لە دەستێوەردانی تورکیا لە عەفرین، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی بوونی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە وڵاتی تورکیادا- کە هەروەك لە چەند چاوپێکەوتنێکی دیکەدا ئاماژەم پێکردووە-، کەواتە ئەوەی لەم ڕووەوە گومان هەڵناگرێت، ئەوەیە کە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین یەکێکە لە کێشە و بارگرژییەکانی

**ئەمریکا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەل سیسی بکات، چونکە ئەو سەرۆکی هەڵبژێردراوی میسرە، بەڵام ناچار نییە کە ستایشی بکات**

**ئەوە دەرهاویشتەی خراپی دەبێت لەسەر قوتابییان لە تورکیا کاتێک دەبینین کە ڕێگە بە مامۆستاکانیان نادرێت تەنانەت بە شێوەیەکی ئاشتییانەش گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان بکەن**

**بەراورد بە میسر ئازادییەکی زیاتر لە کوردستانی عێراقدا بۆ کاری ڕۆژنامەگەری فەراهەم کراوە ڕێگە بە کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر دەدرێت**

نێوان ئەمریکا و تورکیا کە پەیوەستن بە پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی باکووری سووریا و هێزی سووریای دیموکراتییەوە. لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە پەرەسەندنەکانی نێو ئەم دوو وڵاتە —میسر و تورکیا- بوونی مەیلێکی خۆسەپێنی دەخەنەڕوو لەلای هەردوو سەرۆکەکە (ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و عەبدولفەتاح ئەل سیسی)، هەرچەندە ئەل سیسی کەسێکی سەر بە دامەزراوەی سەربازیی میسر بووە، بە پێچەوانەوەی ئەردۆغانەوە، بەڵام هەردووکیان مەیل و ئاراستەی خۆسەپێنییان لێ بەدی دەکرێت.

*** هەروەك لە وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد، بۆچوونی جیاواز هەیە لە نێوان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و تورکیا لە پەیوەندی بە باروودۆخی باکووری سووریاوە، کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئایا پێتانوایە ئەم دوو وڵاتە بە ئاراستەی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان دەڕۆن؟ ئایا ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە ئەم وڵاتەی زیاتر لێکدابڕیوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە لە ئێستادا بارگرژیی جددی هەیە لەنێوان ئەمریکا و تورکیادا لەبارەی ئەوەی لە سووریادا ڕوودەدات و دەگوزەرێت. دەستێوەردانەکەی تورکیا لە ٢٠ی کانوونی دووەم دەستپی پێکرد، واتە پتر لە مانگێك پێش ئێستا. دوای چەند ڕۆژێکی کەم لەو دەستێوەردانە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەنێوان سەرۆك ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و دۆناڵد ترەمپدا ئەنجام درا. سەرۆك ترەمپ هەوڵیدا هۆشداری بدات لە بارەی دەستێوەردانی تورکیاوە- ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەمریکا هێزی سەربازی هەیە لە مەنبیج و تورکیاش داوای لە ئەمریکا کرد، هێزەکانی لەو ناوچەیە بکشێنێتەوە و ئەو ناوچەیە چۆڵ بکات. کەواتە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر جددییە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە هیچ کاتێك لە ڕابردوودا سوپای ئەمریکا و سوپای تورکیا شەڕیان لە دژی یەکتری نەکردووە و دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەردووکیان ئەندامی ناتۆن، کەواتە- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکردووە- تورکیا و ئەمریکا بەرژەوەندییان هەیە لە چارەسەرکردنی ئەم قەیران و تەنگژەیەدا و من هیوادارم بەم ئاراستەیەدا کار بکەن، لەبەر ئەوەی درێژەکێشانی ئەم تەنگژەیە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هەروەها لە بەرژەوەندیی تورکیاشدا نییە، بەڵام ڕەنگە ئەم کێشە و بارگرژییە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا، یان ئێراندا بێت، لەبەر ئەوە ئومێدەوارم کە ترەمپ و ئەردۆغان بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن بۆ خاوکردنەوە و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کوردی سووریاوە، ئەوا ماوەیەك پێش ئێستا بەرپرسێکی ئیدارەی ترەمپ ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ کوردی سووریادا پەیوەندی کاتی و تاکتیکین، بەڵام لە ئێستادا پێدەچێت کە ئەمریکا بە نیاز بێت بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ناوچە کوردییەکانی باکووری سووریا بمێنێتەوە و بەم نزیکانە لەو شوێنانە نەکشێتەوە، تەنانەت دوای تێکشکاندنی داعشیش، ئێوە چ شرۆڤەیەکتان هەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە لە هەڵوێستی ئەمریکا؟**

- ئەوەی گوێبیستی بووین، ئەوەیە کە ئەمریکا ڕایگەیاندووە ئەوان پێشبینی دەکەن بۆ ماوەی دوو ساڵ و ڕەنگە زیاتریش لە سووریادا بمێننەوە و لە ئێستاشدا نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئەمریکی لە باکووری سووریادا جێگیر کراون، کەواتە پێدەچێت ئەمریکا نیازی ئەوەی نەبێت کە بەم زووانە بکشێتەوە لەو ناوچانە، هەروەها ئاشکرایە کە ئەمریکا پشت بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی دەبەستێت بۆ پاراستن و ئیدارەدانی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش ڕزگار کراون و ئێمەش نامانەوێت جارێکی دیکە داعش دەست بەسەر ئەو شوێنانەدا بگرێتەوە، کەواتە ئەمریکا لەگەڵ هێزی سووریای دیموکراتی کار دەکات، کە لە عەرەب و کورد پێکهاتوون، بوونی ئەم هێزەش گرنگییەکی گەورەی بۆ سەقامگیرکردنەوەی ئەو ناوچەیە و ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی داعش هەیە. ئەگەر وەڵامی ئەوەش بدەینەوە، ئایا ئەمە پەیوەندییەکی تاکتیکی یان کاتییە، ئەوا من دەڵێم بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا بەرژەوەندییەکی تاکتیکی هەیە لە تێکشکاندنی داعشدا، هەروەها من پێموانییە ئەمریکا بەدیلێکی دیکەی هەبێت، جگە لە کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە بۆ پاراستن و ئیدارەدانی ئەو ناوچانە. کەواتە تا ئەو کاتەی بەدیلێکی دیکە دێتەئاراوە- کە ئەمەش زۆر ڕێی تێناچێت- ئەوا بە باوەڕی من ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتبەستن بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی.

هەروەها من پێموایە دەبێت بەڕێز ئەردۆغان ئەم واقیعە قبووڵ بکات و ئەگەر بە راشکاوی بدوێم دەبێت ئەو واقیع و راستییە قبووڵ بکات کە ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، رەنگە ئەو بوونی ئەم واقیعەی پێ ناخۆش بێت، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی لەم رووەوە بگۆڕێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە بوونی سەربازیی ئەمریکا لە باکووری سووریا، ئێمە دەزانین بەم دواییە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە یەکێك لە ئامانجەکانی درێژەپێدانی کاری سەربازیی ئەمریکا لە وڵاتی سووریادا بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند ئەمە ئامانجێکی واقیعییانەیە و دەتوانرێت بەدی بهێنرێت؟**

- ئەوە روونە کە ماوەیەکی زۆرە ئەمریکا رایگەیاندووە کە نیگەرانە لە دەستڕۆیشتووییەکانی ئێران نەك هەر لە سووریادا، بەڵکو لە وڵاتانی لوبنان و عێراقیشدا، کەواتە ئەمە درێژەپێدان و بەردەوامیدانە بەسیاسەتە بەرفراوانەکەی ئەمریکا لەم رووەوە، ئەمە سیاسەتی ئەمریکا بوو لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا، بەڵام لە ئێستادا و لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ئەو سیاسەتە پتر سەختگیرتر بووە. بەڵام ژمارەی سەربازەکانی سوپای ئەمریکا لە سووریا- کە بریتییە لە ٢٠٠٠ سەرباز- تەنیا بەشی ئەوەندە دەکەن کە هاوکار بن بۆ پاراستنی ناوچەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەوەی لێی دڵنیاین، ئەوەیە کە ئەمە سیاسەتی ئاشکرا و راگەیەندراوی ئەمریکایە کە رێگری لە بەرفراوانبوون و تەشەنەسەندنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریادا بکات.

*** وەك کەسێکی شارەزا لە بواری چارەسەرکردنی ناکۆکی و بنیدنانی ئاشتیدا، ئایا پێتوانییە کە هەر سەرکەوتنێکی سەربازی لە دژی داعش سەرکەوتنێکی لەرزۆك و کورتخایەن دەبێت، ئەگەر هاوشان نەبێت بە هەوڵەکانی گێڕانەوەی سەقامگیری و هێنانەئارای چارەسەرێکی سیاسی؟**

- بە دڵنیاییەوە بارودۆخەکە پێویستی بە هەوڵەکانی سەقامگیرکردن و چارەسەری سیاسی هەیە، پێموایە یەکێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە پەنابەرەکان بتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی سووریا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە زۆرێك لەو پەنابەرە سوورییانەی لە وڵاتانی میسر، یان تورکیا، یاخود لوبناندا دەژین، بتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەمەش پێویستی بە زەمینەسازکردن هەیە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، یەکێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە بارودۆخێك بخوڵقێت کە پەنابەرەکانی سووریا بتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. من خۆم سەردانی کامپەکانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکانم کرد کە زۆربەیان لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردا دەژین، بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی لە دەستی داعش هەڵاتوون لە موسڵ و ناوچەکانی دیکەی ژێردەستی ئەم رێکخراوە —کە لە ئێستادا لە کامپەکانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکاندا ژیان بەسەر دەبەن- رووبەڕووی گێچەڵپێکردن و هەراسانکردنی جنسی و تەنانەت هێرشکردن دەبنەوە، ئەمەش دۆخێکی تراژیدییە کە ئەو منداڵ و ئافرەتانەی لە دەستی داعش رزگارکراون، رووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە لەو کامپانەی لێی دەژین. لەبەر ئەوە پێویستە ئەم کەسانە بپارێزرێن، چونکە لە دۆخێکی نالەباردان، بەڵام تەنانەت ئەگەر پارێزگاریشیان بۆ دەستەبەر کرا، ئەوا دەبێت ئەمە رێکارێکی کاتی بێت، چونکە دەبێت هەلومەرجی گونجاو و پێویست بخوڵقێنرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بتوانن بگەڕێنەوە سەر شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان.

*** باشە با بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسەی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەت پێکرد، کە بریتییە لە هەڵکشانی مەیل و ئاراستەی خۆسەپێنی لە هەردوو وڵاتی تورکیا و میسردا، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە پێشهات و پەرەسەندنی مەترسیدارن و دەبێت هەڵوەستەی جددییان لەسەر بکرێت؟**

- من لە سەرەتادا ئاماژە بە بارودۆخی میسر دەکەم و دواتر باس لە هەلومەرجی تورکیا دەکەم. من لە پێش شۆڕشەکە و لە کاتی شۆڕشەکە لە دۆخی دوای ئەو شۆڕشەکەشدا لە میسر ژیاوم، کە لە ساڵانی ٢٠١٢،٢٠١١ و ٢٠١٣دا دینامیکیەت و ئاراستەی راستەقینە هەبوون بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دیموکراسی، بەڵام ئەو دینامیکیەتانەی کە وڵاتەکەیان بەرەو جۆرێك لە دیموکراسی دەبرد، پێچەوانە بوونەوە، یان

**ئێستا بەراورد بە رۆژگاری دەسەڵاتی موبارەک ژمارەیەکی زیاتری زیندانی سیاسی لەو وڵاتەدا هەن و زیندانیکراوەکان پتر رووبەڕووی ئەشکەنجە دەبنەوە**

**ئەو ئافرەتانەی لە دەستی داعش هەڵاتوون لە موسڵ و ناوچەکانی دیکەی ژێردەستی ئەو رێکخراوە لە کامپەکانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکاندا رووبەڕووی گێچەڵپێکردن و هەراسانکردنی جنسی و تەنانەت هێرشکردن دەبنەوە**

**یەکێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە بارودۆخێک بخوڵقێت کە پەنابەرەکانی سووریا بتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

**ئەوە سیاسەتی ئاشکرا و راگەیەندراوی ئەمریکایە کە رێگری لە بەرفراوانبوون و تەشەنەسەندنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریادا بکات**

**دەبێت بەڕێز ئەردۆغان ئەم واقیعە قبووڵ بکات کە ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، ڕەنگە بوونی ئەم واقیعەی پێ ناخۆش بێت، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی لەم ڕووەوە بگۆڕێت**

**ئەمریکا لەگەڵ هێزی سووریای دیموکراتی کار دەکات، کە لە عەرەب و کورد پێکهاتوون، بوونی ئەم هێزەش گرنگییەکی گەورەی بۆ سەقامگیرکردنەوەی ئەو ناوچەیە و ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی داعش هەیە**

**هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین یەکێکە لە کێشە و بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا کە پەیوەستن بە پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی باکووری سووریا و هێزی سووریای دیموکراتییەوە**

کۆتاییان پێهێنرا. بە چەشنێك دەتوانین بڵێین کە ئەل سیسی لە حوسنی موبارەك سەرکوتکارترە، واتە بارودۆخەکە لە سایەی دەسەڵاتی ئەل سیسیدا زۆر خراپتر بووە بە بەراورد بە هەلومەرجی سەردەمی دەسەڵاتی موبارەك و ئێستا بەراورد بە ڕۆژگاری دەسەڵاتی موبارەك ژمارەیەکی زیاتری زیندانی سیاسی لەو وڵاتەدا هەن، یان زیندانیکراوەکان پتر ڕووبەڕووی ئەشکەنجە دەبنەوە، دۆخی زیندانیکراوەکانیش زۆر خراپترە. تەنانەت کار گەیشۆتە ئەو ڕاددەیەی کە ئەل سیسی کارێکی کردووە کە یاساکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی چالاکییەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان و نزیکی لە هەر چالاکییەکی ئاسایی ئەم ڕێکخراوانە بە تاوان لەقەڵەم دەدەن. لەلایەکی دیکەوە، ئێمە دەزانین کە لە میسردا شەڕ هەیە لەگەڵ داعشدا، کە بوونیان هەیە لە ویلایەتی سینا، بە داخەوە ئەوەی بەدی دەکەین، ئەوەیە کە میسر هاوکاری ناکات — بەو ڕاددەیەکی کە ئەمریکا خوازیارێتی- لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا و ڕێگە نادات هاوکاری بکەن بۆ بەرەنگاربوونە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەنگژەیە، هەروەها زۆر زەحمەتە کە بگەیتە سینا، مەبەستم ئەوەیە کە گەیشتنی ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران و شرۆڤەکاران بە باکووری سینا نزیکە لە مەحاڵەوە، بەو پێیە ناتوانن هەواڵەکانی ئەو ناوچەیە بگوازنەوە، واتە سینا ناوچەیەکی داخراوە و کەس نازانێت چی تێدا دەگوزەرێت. ئەمە دۆخێکە پێچەوانەی ئەو ڕەوشەیە کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، کە دەتوانیت لە کوردستانەوە سەردانی موسڵ و ناوچەکانی دەروبەری موسڵ بکەیت، من پێموایە زۆر گرنگە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی بواری دا بە ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران بۆ ئەوەی بچنە موسڵ و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکە هەواڵ بگوزانەوە لەبارەی ئەوەی بە ڕاستی چی دەگوزەرێت، لە کاتێکدا ئەمە لە میسر مومکین نییە و ڕێگە بە کەس نادرێت هەواڵەکانی باکووری سینا ڕوومالّ بکات. کەواتە دەتوانین بڵێین بەراورد بە میسر ئازادییەکی زیاتر لە کوردستانی عێراقدا بۆ کاری ڕۆژنامەگەری فەراهەم کراوە، چونکە ڕێگە بە کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شارەکانی سلێمانی و دهۆك و هەولێر دەدرێت و، بواریان پێدەدرێت کە کۆمەك لەلایەنە دەرەکییەکان وەربگرن، لە کاتێکدا ئەمە لە میسردا سنووردار کراوە. بەلای کەمەوە ئەو تێڕوانینەیە کە لەلای من گەڵاڵە بوو، دوای ئەوەی چەند جارێك سەردانی هەرێمی کوردستانم کرد، کە دوایین سەردانم لە هاوینی رابردوودا بوو. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە من هیوادارم کە میسر لە ئەزموونی ڕزگاکردنی موسڵەوە فێر بێت، واتە لەوە بڕوانێت کە کوردستانی عێراق بواری بە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێران داوە، بۆ ئەوەی کاری خۆیان بکەن و ئازادی بۆ کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەخساندووە، مەبەستم ئەوەیە بوونی ئەم ئاست و ئەندازەیە لە ئازادی ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستانی عێراقدا بە چەشنێکە کە پێویستە میسر لێوەی فێر بێت و ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو بێت کە پێویستە بوار بە ڕۆژنامەنووسان بدات تاوەکو بتوانن ڕووماڵی ڕووداوەکانی سینا بکەن. کەواتە پێویستە میسر پەند و وانە وەربگرێت لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ لە پەیوەندی بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی وڵاتەکەیەوە کە بریتییە لە بوونی جیهادییەکانی لە سینادا. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی تورکیاشەوە هەبێت، ئەوا پێموایە دەبێت لە یەك کاتدا لەو کارە بڕوانین کە ئەرۆدغان لە ناو خاکی سووریادا —کە کەوتۆتە سەر سنووری وڵاتەکەی- ئەنجامی دەدات، لەگەڵ ئەو کارانەی لە ناو سنووری وڵاتەکەی خۆیدا ئەنجامیان دەدات، چونکە ئەمانە پێکەوە گرێدراون. ئێمە دەزانین کە چەندەها ئەندامی پارتی هەدەپە دەستگیرکراون و لەزیندانەکاندان، تەنانەت چەندین کەسایەتی ئەکادیمیش خراونەتە زیندانەکانەوە و ژمارەیەك لە کەسایەتییە ئەکادیمیەکان لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە. کەواتە سەرکوتکارییەکی ڕاستەقینە هەیە لە بەرامبەر کەمینەی کوردا، هەروەها لەبەرامبەر ئەکادیمییەکان و ڕۆژنامەنووسانیشدا، کە هەموو ئەمانەش بە شێوەیەکی دراماتیکی لە ماوەی چەند ساڵێکدا ڕوویاندا. لەگەڵ ئەوەشدا من ئومێدەوارم کە ڕێگاچارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم پەرەسەندنە نەخوازراوانە کە مایەی نیگەرانین، چونکە ئەمە لە مەودای دووردا دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە



لەسەر تورکیا، ئەوەش دەرهاویشتەی خراپی دەبێت لەسەر قوتابییان لە تورکیا کاتێك دەبینین کە ڕێگە بە مامۆستاکانیان نادرێت تەنانەت بە شێوەیەکی ئاشتییانەش گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان، یان ڕەخنەیەکی ئاشتییانە بکەن.

*** دوایین پرسیارمان پەیوەستە بە پێشبینییەکانتان بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە، ئایا ئێوە گەشبینن یان پێتانوایە دۆخەکە بە چەشنێك ئاڵۆز بووە کە ئومێدی بەرەوپێشچوون لە ئارادا نەماوە؟**

بە دڵنیاییەوە پێشبینیکردنی ئایندە کارێکی زەحمەتە. هەروەك دەزانن کە لەم مانگەدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە میسردا ئەنجام دەدرێت، بە هەمان شێوە لە تورکیاشدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت، ئومێدەکە ئەوەیە ئەم سەرکوتکارییە- هەم لە تورکیا و هەم لە میسر- بەرەو کەمبوونەوە و خاوبوونەوە بچێت لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە، ئەویش کاتێك ئەردۆغان لە پێگەی خۆی دڵنیا دەبێت و مانەوەی لە پۆستەکەیدا مسۆگەر دەکات، کە ڕەنگە ئەو کاتە ئازادییەکی زیاتر بۆ کاری ڕۆژنامەگەری و رادەبڕین برەخێسنێت. ئەگەر ئەمە بێتەئاراوە، ئەوا باشترین سیناریۆیە و مایەی گەشبینیشە، واتە ئومێدەکە ئەوەیە کە بارودۆخەکە دوای هەڵبژاردنەکان باشتر بێت، کاتێك ئەرۆدغان پێگەی خۆی پتەو دەکات. بە دڵنیاییەوە ئەگەری هاتنەئارای سیناریۆیەکی دیکەش هەیە کە ئەمەیان مایەی ڕەشبینییە و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتەسەر، ئەوا درێژە بەم ڕەوتی کارکردنە بدەن- بەم سەرکوتکارییە-. من خۆم خوازیاری ئەوەم کە ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و لایەنەکانی دیکە ڕۆڵی خۆیان ببینن لەم ڕووەوە. چونکە ئێمە بینیمان کە سەرۆك ترەمپ چۆن ستایشی ئەل سیسی کرد و بە کەسێکی زۆر باشی وەسفکرد کە ئەمە قابیلی قبووڵکردن نییە، چونکە ئێمە بینیمان کە چۆن ئەل سیسی خەڵکی مەدەنیی وڵاتەکەی سەرکوت کرد، بە دڵنیاییەوە ئەمریکا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەل سیسی بکات، چونکە ئەو سەرۆکی هەڵبژێردراوی میسرە، بەڵام ناچار نییە کە ستایشی بکات.